محمود مەلا عزت

## دیپلۆماسیی


# بزووتنەوەی کوردایەتی

١٩٧٣

محمود ملا عزت

دیپلۆماسیەتی

# بزووتنەوەی کوردایەتی



بەرەزامەندی وەزارەتی راگەیاندن چاپ کراوە

لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی مامۆستانی کوردستان / لقی سلیمانی

چاپخانەی راپەرین / سلیمانی / ت ٢٠٩

خوێنەری بەڕێز

ئەم چەند لاپەڕەیەی لەبەردەستدایە پێشەکی بەرهەمێکە کە لە هەڵێکدا بەچاپ کراوی ئەم باسەسەرەکیانەی تیائەخوێنیتەوە

**بەشی یەکەم** ـ سەرنجێکی خێرا لەمێژوی کۆن و نوێی گەلی کورد.

**بەشی دووەم** ـ دیپلۆماسیەتی بزوتنەوەی کوردایەتی لە سەردەمی میرنشینەکاندا .

- × دیپلۆماسیەتی میرو پاشاکانی میرنیشینی ئەردەڵان .
- × دیپلۆماسیەتی میرو پاشاکانی میرنشینی بابان .
- × دیپلۆماسیەتی دەوڵەتی سوران.
- × سەرنجێك لەو ڕاپەڕینە گرنگانەی لەسەردەمی میرنشینەکان دا کران .
- × باری کوردستان پاش روخاندنی میرنشینەکان.

**بەشی سێیەم** ـ سەردەمی شورشە نیشتمانیو نەتەوایەتی یەکان

- × شۆرشی بەدرخان
  دیپلۆماسیەتی سەرکردەی شۆرش
- × شۆرشی شەمزینان
  دیپلۆماسیەتی شێخ عوبەیدوڵای سەرکردە

**بەشی چوارەم** - شۆرشەکانی کوردستانی عیراق بەسەرکردایەتی شێخ مەحمود .

× پلەیەکی نوێ لەخەباتی گەلی کوردو بزوتنەوەی کوردایەتی
× رودواوە گرنگەکانی کوردستان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا
× دیپلوماسیەتی سەرکردەی شۆرش شێخ مەحمود .

**بەشی پێنجەم** - بۆچی نەتەوەی کورد ئامانجەسەرەکیەکەی بەدی نەهێنا ؟

ئەم باسانە لە بەرهەمی یەکەمدا . . .

وەلە بەرهەمێکی جیاوازیشدا - لە دووەم بەرهەمدا - لێکۆلینەوەیەك لەسەر کۆمەلی کوردستان و کەشە کردنی بزوتنەوەی کوردایەتی لە سییەکانی سەدەی بیستەمەوە تا ئەم پلەیە وە دیپلۆماسیەتی بزوتنەوەی کوردایەتی لەو سەردەمەدا ئەخوێنیتەوە . بەتایبەتی لە کوردستانی عیراقدا وەلەو کاتەوەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی مستەفا بارزانی وەکو پێشرەوی بزوتنەوەی کوردایەتیو جولانەوەی رزگاری خوازی نەتەوایەتی گەلی کورد هاتە مەیدانی خەباتی نەتەوایەتیەوە

# بۆچی دیپلۆماسیەتی بزوتنەوەی کوردایەتی

لەو کاتەوە کە کوردستانی نیشتمانی نەتەوەی کورد داگیر کراو بوە مەیدانی شەڕو شۆڕی دەوڵەتە داگیر کەرەکان و توانیان بەئارەزوی خۆیان پارچە پارچەی بکەنو هەر کاتەش بەپێی هێزوسەرکەوتنی لایەك نەشتەرو مقەستی لێ بخرێتە کارو پارچەی لێ بکرێتەوەو بلکێنرێ بە بەشە کەیەوە . لەو ڕۆژانەوە کەهەستو گیانی نیشتمانیو نەتەوایەتي گەلی کورد سەری دەرهێناو بەرە بەرە گەشەی ئەکرد . . وەکو ئەنجامێکی لەباری ئەو داگیر کردنو دابەشیوچەوساندنەوەو زوڵمو زۆرداری‌یە لەو کاتانەوە گەلی کورد لە هەر شوێنێکی کوردستاندا هەلی بۆ هەڵ کەوتبێ‌وزروفە مەوزوعی‌و زاتیەکان بارێکی وایانهێنابێتە کایەوە . . میر نشـــینو قەوارەی تایبەتی دامەزراندوە ، جوڵانـەوەی چەکداری و ڕاپەڕینو شۆرشی بەرپا کردوە . کە لەو رێرەوەدا ڕۆڵە و نیشتمان پـــەروەرانی

کوردستان چەند تەقەلایان دابێ و خەباتو فیداکاریان کردبێ لەوە زیاتر ناحەزو دوژمنەکان پیلانو ڕێگەو شوێنیان داناوە بۆ لێدانی بزوتنەوەی کوردایەتیو بۆ درێژەدان بەداگیرکردنو چەوساندنەوەو بەندەگێتی گەلی کورد

باری ئالۆزو تێك چرژاوی کوردستان ، بێهێزو لاوازیی بزوتنەوەی کوردایەتی بە رادەیەك کە توانای ئەوەی تەبێ بەرەنگاری داگیرکەران بکات و لە زۆرانبازی نیشتمانی و نەتەوایەتیدا نەتوانێ مافەکانی گەل لە قورگیان دەر بێنێت . پارچە پارچە کردنی کوردستانو یەك نەخستنی هێزو توانای کوردو مانەوەی بەپچڕ پچڕیو لەیەك دابڕاوی ، بەرپا بوونی شۆرشو ڕاپەڕینی تەسکی ناوچەیی بێ پشتو پەناو بێبەش لە هێزو تواناو یارمەتي پارچەکانی تری نیشتمان . وەلە دوایشدا دانەمەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوایەتی یەککرتوی بەهێزی ئەوتۆ کە ئەرکي پاراستنی گەلو نیشتمان بگرێتە ئەستۆ و بەرەنگاری هێرشی دڕندانەی داگیرکەران بکات .. ئەوانە هەمووی بوبونە یارمەتی دەریدەوڵەتە داگیرکەرو ئیمپریالیستەکان کەهەمیشە لووت بژەننە کوردستانو دەست بخەنە ناو هەموو کاروبارێکیەوە . لە ئەنجامی ئەمەشدا میرو پاشا و سەردارانی کورد پێش دەست پێکردنی سەردەمی شۆرشی نیشتمانی و

نەتەوایەتی — ناچار بوون کەموزۆر پشت بەلایەك ببەستن‌و داواو فەرمانەکانیان جێبەجێ بکەن وەدژی لاکەی تربوەستن‌و لە دواییشدا بەئاسانی کێش کرێن بۆ گێژاوی ئەو ناکۆکیە توندو تیژەی نێوان داگیرکەران کە هەزاران کوردی هەژار ئەبوونە خۆراکی ئەو شەڕو شۆڕانە بێ‌ئەوەی هیچ دەستکەوتێکی کوردو کوردستانی لێ بەدی بکرێ . لەگەڵ ئەوەی کەهەموویان لە راستی‌دا دژی گەلی کوردو مافەکانی بوون لە کاتی پێویستیشدا لە بەرەیەکدا یەکیان گرتوە ، بەتایبەتی لە سەردەمی بزوتنەوەو شۆڕشە نەتەوایەتی‌یەکاندا ، ئەگەر جارو باریکیش دەوڵەتێك بێ‌لایەن وەستابێ یا بەیارمەتی دەروپاڵپشت خۆی پیشان دابێ ئەوە کاتی بوە وەبۆ جێبەجێ کردنی‌پیلانێکی تایبەتی بوەو هەرکە بەمەبەست گەیشتبێ‌و مەترسیەکانی بەردەمی نەمابێ ئیتر شوێنی ئاسایی خۆی گرتۆتەوە لەبەرەی دوژمنایەتی کردنی بزوتنەوەی کوردایەتی‌دا .

لەو قۆناغەدا کەرژێمی دەرەبەگایەتی کوردستانی گرتبوەوە وەکو ئـــەنجامێکی سروشتی ئەو سەردەمەوەو وەکو کارێکی پێچەوانەی داگیر کردن‌و دابەش کردنی کوردستان ، قەوارەو میر نشینی کوردی دامەزرێنرا ، کەزۆر جار هەر میرنشینێك سەربەخۆیی خۆی ئەسەپاندو هەموو پەیوەندیەکی لەگەڵ پایتەخت

دا ئەپچڕاندو بەرەنگاری هێرشە سەربازیەکانیشی ئەکرد ،تائاڵەو کاتانەدا لەبەر ئەوەوەبەهۆی بەربەرەکانیو شـــەڕو شـــۆڕی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستانەوەو بەهۆی لاوازیو شکستی لایەکیان لەهەر کاتێکدا . لەبەر ئەوانە جارو بار سەریان نەئەپەرژایە سەر کوردستان یان بەیارمەتی دەر خۆیان پیشان ئەدا بەتایبەتی هەر دەوڵەتێك پێویستی بەهێزو یارمەتیو خەڵکی کوردی سەر بەو میرنشینانە هەبوە . بۆیە پەردەی دۆستایەتیو پاڵپشتو یارمەتي دەرییان ئەدا بـەڕوودداو رووی راستەقینەی خۆیان ئەشاردەوە . . وە هەرکە رێگە بۆ لایەك تەخت بووبێ ئیتر سیاسەتي توندو تیژی ناوەندی کردنی حوکمڕانی گرتوە. ئەوە لەلایەك ، وەلەلایەکی تر ســـروشتی دەرەبەگێتی قەوارە کوردیەکانو بێهێزیو ناکۆکی و دووبـــەرەکی ناوخۆی هەر یەکەیان هۆیەکی تری ئەو بارە ئاڵۆزو بێبنچینانەی میر نشینە کوردەکان بووە . جا هەر چەندە سیاسەتی توندو تیژیناوەندی کردنی حوکمڕانی پایتەخت هۆیەکی لاواز کردنی رژێمی دەرەبەگایەتی بوو ، بەڵام مەبەستی سەرەکی داگیرکەران ، چی دەوڵەتی فارسی سەفەوی بێ وە چی دەوڵەتی عوسمانی ، هەڵتەکاندنی ئەو رژێمە نەبووە ، چونکە یەکێك لە پیلانەکانیان هێشتنەوەی کوردستان بوو بە داکەوتویی ، وە هەر بـــەمەو

بەپاڵپشتی دەرەبەگە خۆفرۆشەکان درێژەیان بەداگیر کردن داوە . بەتایبەتی کاتێك کەکۆمەڵی کورد لەرژێمی نیمچە دەرەبەگایەتی دا خۆی گرتەوە . . کۆڵەکەو پایەکای داگیر کردن لەناو خۆیدا بەشە دەرەبەگو خاوەن موڵکە خۆفرۆشەکان بووە .

ئەو بارە ناهەموارو پڕ کوێرەوەریەی دوو چاری نەتەوەی کورد بوو مێژووی دوورو درێژی خوێناویو پڕ روداوو کارەساتی پێك ئەهێنێ ، ناکۆکی سەرەکی نێوان بزوتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کوردو بەرەی دوژمنان هەر لەو سەرچاوەیەوە دەست پێ ئەکات ، بۆیە زۆرانبازیو پێکادانی ئەم دووبەرە ناکۆکە بە توندو تیژی سەری دەرهێناو ، وەتا بزوتنەوەی کوردایەتی بەهێز تر بوبێ توندو تیژ تر بوە . لەبەر ئەوە هەموو سەرنجێکی زانستیانە لە مێژوی نەتەوەی کورد لەبزوتنەوە نەتەوایەتیەکانو ناکۆکیەکانی،ئەبێ لەبەر ڕۆشنایی ئەوراستیانە بێت . . پێویستە بنچینەکانی لێکۆڵینەوە لە دیپلۆماسیەتی بزوتنەوەی کوردایەتی هەر لەسەر ئەو زەمینە پتەوە دابڕێژرێ . جگە لەوە : جالێرەدا بابزانین بۆچی دیپلۆماسیەتی بزوتنەوەی کوردایەتی مان هەڵبژاردوە

لێکۆڵینەوەو شی کردنـــەوەی روداوە سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی یەکانی کوردستان ، روون کردنەوەی زنجیرەی روداوەکانو بەراورد کردنو هەڵسەنگاندنیان ، دەست نیشان کردنی رادەی پێش کەوتنو سەرکەوتنو گەشە کردنو

خەملاندنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی لەهەر پلە و قۆناغێکدا .
هەڵوێستی هەر میرو سەرکردەیەك كە هاتونەتە سەر شانۆی حوکمڕانیو سیاسی کوردستان لەهێزو دەولەتەکانی دراوسێ و پەیوەندار بە ناوچەکەوە .. تا چی رادەیەك کەڵك لەپشێوی ناوچەکەو ناکۆکی نێوان دەوڵەتانو شەڕو شوڕەکانیان وەرگیراوە دەرخستنوبەراورد کردنو هەڵسەنگاندنی سیاسەتی هەریەکەیان بەپێی باری ناوچەکە و روداوەکان وە بە پێوانەی دەستکەوتەکانی گەل و رادەی پێش کەوتنی بزوتنەوە . روی راستی پەیوەندیەکانو بنچینەکانیان چۆن بوون . . ؟ ئەنجامەکانی چی بوون ..؟ مەبەستو هۆی سەرەکی هەڵوێستی هەر یەکێك لەهەر روداوێك چی بوەو چۆن کەڵکی لێ وەرگیراوە .؟ دەرخستنی هەڵە و لایە نادروستەکان لەو پەیوەندیانەدا ، دەوری هێزو دەوڵەتەکان لە بزوتنەوە و جوڵانەوەکانی کوردستان . . کێ پاڵپشتو یارمەتیدەری کورد بوەو بۆچی . . ؟ چۆن دوژمنان ناکۆکیو دووبەرەکییان لە کوردستاندا تەقاندۆتەوە و بەچی بارێکدا روداوەکانیان وەرگێڕاوە . . ؟ روون کردنەوەی ناکۆکیەکانی نێوان دەوڵەتە پەیوەندارەکان و دەوری هەر ناکۆکیەك لەدیاری کردنی هەڵوێست بەرامبەر ڕوداوەکانی کوردستان . ناکۆکیو ناتەباییو شەڕی میرو پاشاو سەردار و

سەرکردەکانی کورد لەناو خۆیانداو چۆن دوژمن کەڵکی لێیان وەرگرتوەو کراونەتە هۆیەکی کاریگەری لێــدانی بزوتنەوەی کوردایەتی .

لێکۆڵینەوەو دەرخستنی روی راستی ئەوانە چەند لایــەکی سەرەکیو گرنگی ( دیپلۆماســیەتی بزوتنەوەی کوردایەتی ) دەر ئەخەن .

هەر چەندە ووشەی دیپلۆماسیەت بەمانا تایبەتیو بەکار هێنراوەکەی لە سنوری هەڵوێستو پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەر دەوڵەتێك دایە بەرامبەر بەدەوڵەتەکانی تر کە هەموو کێشــە سیاسیو ئابوریەکان ئەگرێتەوە ، وەکە هەموویان بەرەسمیو بە پێی یاسا دانراوو بروا پێ کراوو ناسراوەکان لەسەری رێکەوتونو پەیمانی پەیرەو کردنیان داوە کە مەبەستی هەرە سەرەکی هەر دەوڵەتێك پارێزکاری کردنی سەربەخۆییو بەرژەوەندیخۆیەتی ئەو پەیوەندیانە تەنیا هەر روی دۆستایەتیو چارەسەر کردنی کێشەکان بەو رێکەو شوێنەی پەســندیان کردوە ناگرێتەوە ، بەڵکو لەبەر ئەوەی مافو چارەنوسی زۆر نەتەوەو دەوڵــەت فەرامۆش کراونو یاسا کشتیە دەوڵەتیەکان نایان گرێتەوە ، یابە زۆرو هاو پەیمانی زۆرەملێو ێسترابوە بەرکەناریان خەن و دەنگیان کپ بکەن . بۆیە هەریەکە لەوانە بە ناچاری رێگەی

تایبەتی خۆی ئەگرێ بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی بێ گوێ دانە لاکانی تر . . جاری واش هەیە کە دەوڵەتێکی بەهێز هەموو یاساو رژێمو پەیمانو رێککەوتنە گشتییەکان ئەخاتەژێر پێوەو رێگەی تایبەتی خۆی ئەگرێ بۆ بەدی هێنانی مەبەست و دەست کەوتەکانی . . یاهەردەوڵەتێك بەپێی پێش بینوودەست کەوتی وەبەپێی پیلانی تایبەتی خۆی لەسیاسەتی دەرەوەیدا جوڵاوەوئەجوڵێ بەڵام لەبەر ئەوەی کە :

١ــ نەتەوەی کورد بەو جۆرە نەیتوانیوە دەوڵەتی تایبەتی و بە رەسمیو بڕوا پێ کراوی خۆی دابمەزرێنێ ، خۆ ئەگەر سەر خۆییەکی ناوخۆیی دەستگیر بوبێ واچەند توانراوە ماوەی نەدراوە رێگەی سروشتی خۆی بگرێو وەکو پێویست دام و دەستگاکانی حوکمڕانی چۆنی ئەوێ دابمەزرێنێو لە چوار چێوەی تەسکی سنورەکەیدا پەل بهاوێژێو پەیوەندی لەگەڵ دەرەوەدا ببەستێ . . لەگەڵ ئەوەشدا چەند میر نشینو قەوارە یەك زۆر جار وەکو دەوڵەتی سەربەخۆ چەند هەڵێ بۆ هەڵ کەوتبێ جوڵاوەتەوەو هەنگاوی هاویشتوەو هەر یەکە لە لاپەرە کانی مێژوی ناوچەکەدا دەورێکی دیاری کراوی بۆ دانراوە

٢ــ بەهۆی شوێنی جوگرافی کوردستانو لەبەر ئەو بارەی بەسەریدا تێپەڕ ئەبوو وەبەهۆی چاووچنۆکی داگیرکەرانەوە ، هەر لە کۆنەوە روداوە جۆر بەجۆرەکانی کوردستان بەدەرنەبوون لەدەست تێوەردانی دەوڵەتان بەمەبەستی دەست بەسەرا گرتنو

سنور فراوان کردنو ئاراستە کردنی رووداوەکان هەریەکە بەئارەزوو بەپێی دەست کەوتی تایبەتی خۆی . ئەگەر سەرنج لەهەر رووداوێکی مێژوویی بدەین بەڵگەیەکی ئەو راستیەمان بەرچاو ئەکەوێت . لەبەر ئەوە پەیوەندیەکانی دەرەوەی بزوتنەوەی کوردایەتیو پەیوەندیو هاوکاریەکانی دەوڵەتان کە هاو پەیوەند بوون بەکوردستانەوە ئەوەندە بایەخدارە بەلای جوڵانەوەی نیشتمانیو نەتەوایەتی گەلی کوردەوە کە پێویست ئەکات لێکۆڵینەوەیەکی وردو زانستیانەی بکرێت .

٣ــ ئاڵۆز کردنی مەسەلەی کوردستان بەدابەش کردنو بەقەتیس کردنی کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە سنوری ناوخۆی هەر دەوڵەتێك لەلایەك ، بێهێز کردنو لێدانی بزوتنەوە کە لەلایەکی تر ، وە نانەوەی ئاژاوەو دووبەرەکی هەتا لە نێوان براو باوکو کوڕدا . . ئەوانەو نزمی ئاستی هوشیاریو دواکەوتوییو خۆپەرستی بونەهۆی ئەوەی کەزوربەی میرنشینومیرو پاشاکان بیبەسترێنەوە بەدەوڵەتێکەوە یابە ناچاری پەنابەرنە بەر لایەك ، . بگرە جاری واهەبوو کە میرنشینێك سەربەخۆییەکی فراوانیشی دەستگیر بووە کەچی باری ناوچەکەو سیاسەتی داگیرکەرانەی دەوڵەتەکانی دراوسێو تەسکی بیرو هەڵەشەیی و بەرژەوەندی تەسکی تایبەتی کاربەدەست پاڵی بەو پاشاومیرەوە

ناوه كه دەست بەردار نەبێت لەم دەوڵەت یالەو دەوڵەت ، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە دەوڵەتی عوسمانیو دەوڵەتی سەفەوی فارسیدەوری سەرەکیان ئەبینی لەڕۆژهەلاتی نزیكو ناوەڕاستدا

٤— لە سەردەمی راپەڕینو شۆرشە نیشتمانیو نەتەوایەتی یەکانیشدا دوژمنانی نەتەوەی کورد هەموو لەیەك بەرەدا دژی بزوتنەوەکانی وەستاون ، نەك هەر بۆ ئەوەی درێژە بدەن بە داگیر کردنو چەوسانەوە ، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە مەترسی لەسەر هەر لایەك پەیدا بووبێ هەموو لایەك بەمەترسیان داناوە لەسەر خۆیان .. بۆیە زۆر جار لەبەرەیەکدا یەکیان گرتوە بۆ لەناو بردنو نەهێشتنی ئەو مەترسی یە .

٥— کێشە نەتەوایەتیو سیاسيو ئابوری یەکانی کوردستان بە جۆرێك تێهەڵکێشی کێشەکانی رۆژهەلاتی نزیك بووە کە ناتوانرێ مێژوی هیچ لایەکیان باس بکرێت بێ باس کردنی لاکەی تر وە هەر رویەکی دیپلۆماسیەتی هەر دەوڵەتێك باس بکرێت پەیوەندی بەکوردو کوردستانەوە هەیە

٦— بوونی کەمە نەتەوایەتیو ئاینی یەکان لە کوردستان دا هەندێ جار بۆتە مەڵبەندی دروست کردنی کێشەی لابەلا کەزۆر جار سەرکردەکان توشی هەڵەی وا کراوان کە بکرێتە بەڵگە بۆ لێدانی بزوتنەوەی کوردایەتی ... هەر چەندە زۆر جار زیرەکی سەرکردەو رێزگرتنی ئەو کەمایەتیانەو باش

راگرتنی پارسەنگی تەرازوی یەکێتی ریزەکانی گەل بۆتە هۆی تێکەڵ کردنی خەباتیان بەخەباتی نەتەوەی کورد و جێگیر کردنی برایەتی لە ناویاندا بە جۆرێك کە هەموویان بەرگری لە نیشتمانەکەیان بکەنو هەل لەدەست دوژمنان بدەن .

کەوابو جولانەوەی نیشتمانی ورزگاری خوازی نەتەوەی کورد هەرچەندە بەلەدووقوناغەدا ئامانجە سەرەکی یەکەی نەگەیشتوە بەلام لەهەموو پلەو قۆناغەکانی خەباتیدا وەکو مەسەلەیەکی کڵپەسەندوی گەلێکی زیندوی خاوەن نیشتمانی تایبەتیو شوێن ستراتیژی گرنگ سەیر کراوەو هەردەم نیشانە بوە بۆ تیری دوژمنانو داگیر کەران کە هەمیشە بەپیلانو گەلە کۆمەکێیان ئامانجەکانی نەهێنراوەنەتە دی ، وە پەیوەندیە ئاشکراو نەهێنیەکانیان دەوری گرنگیان بینیوە لەلاواز کردنی بزوتنەوەی نەتەوایەتیو لەلێدانی شۆرش و راپەرینەکان کە ئەوانەش ورەیان بەگەلی کورد بەرنەداوەو لە هەموو پلەکاندا درێژەی بەخەباتی داوە .

لەبەر ئەوانە بۆ بزوتنەوەی کوردایەتی لە بارەکە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانەی وردی دیپلۆماسیەتی سەرکردایەتیەکانی هەبێ کەروی راستی پەیوەندیە ئاشکراوو نەهێنیەکان دەر بخات . بێگومان ئەم کارە پێویستی بەشی کردنەوەیەکی قوڵی جولانەوەکان هەیە لەهەر پلەو قۆناغێکدا بەجیا جیاو پێکەوە

بەستراوی ، پێویستی بە تێگەیشتنێکی تەواوی مێژووی کوردە ، ئەبێ لە کۆمەڵی کوردستان بکەین لە روی کۆمەڵایەتی و چینایەتیو سیاسیو ئابوریو رۆشنبیریو خوێندەواریەوە . ئەبێ سروشتەکانی کۆمەڵی کوردو قۆناغە کۆمەڵایەتیەکانو جۆری گەشە کردنیو هۆیە کارتێکەرەکانی ناوەوەو دەرەوەی روون بکرێتەوە کۆسپەکانی رێگەی ئاشکرا بکرێن ، یاسا کشتیە کاریگەرو ئاراستەکەرەکان دەربهێنرێن ، سروشتی کۆمەڵایەتی هەر سەرکردەو سەرکردایەتیەك .. جۆری بیر کردنەوەو سەر چاوەکەی روونو ئاشکرا بکرێن چونکە هەر یەکێك لەوانە دەورێکی باڵای بووە لە رووداوەکاندا .

ئەم هەنگاوە .. ئەم لێکۆڵینەوەیە سەرنجێکی نوێیە لە گۆشەیەکی نوێی خەباتی نەتەوەی کورد کەبۆ یەکەمجارەتیشك ئاراستەی چەند مەسەلەیەکی گرنكو نیمچە شارراوە بکرێو :

١ـــ سەرنجێکی خێرا لەو بارەیەوە لەمێژووی کورد بدرێ.

٢ـــ چەند میرنشینێکی گرنك لەباری ئەو سەرنجانەوە هەڵبسەنگێنرێنو بەراورد بکرێن .

٣ـــ شۆرشو راپەرینەکانی سەردەمی جوڵانەوەی نیشتمانیو نەتەوایەتی گەلی کورد بخرێتە سەر دەسگای شی کردنەوەی دیپلۆماسیەتی سەرکردەکان .

ئەم هەنگاوە جگە لەوەی خزمەتی مێژوو سامانی مێژوویی نەتەوەی کورد ئەکات ، لەوەش بایەخدار تر ئەوەیە کەئەتوانرێ لەبەر رۆشنایی راستی‌یە هەڵ هێنجراوەکان مێژووی زانستیانەی نەتەوەکەمان سەرنج لێ بدرێ کەبەوەش راستی‌و چەوتی‌وهەڵەی راپەرین‌و شۆرشەکان روون تر دەست نیشان ئەکرێن و ئەبنە چرای رۆشن کەرەوەو رێگا پیشاندەری جەماوەر بۆ خەبات‌و بۆ بەدی هێناني ئەو ئامانج‌و ئاواتانەی لە مێژەوە فیداکاریان بۆ ئەکرێت‌و هەزاران قوربانیان بۆ پێشکەش کراوە . هەر بەو جۆرەش لایە چەوت‌و نادروستەکان دەست نیشان ئەکرێن‌و ئەبنە پەندو تاقی کردنەوەی زیندو بۆ خۆلادان لێیان دووپات نەکردنەوەو پیانەچوونەوەیان .

ئەم کورتە لێکۆڵینەوەیە هەوڵ دانێکە بۆ ئاراستە کردنی چەند تیشکێک بۆ ئەو رێگەیە

## دوو قۆناغ و دوو رژێم لە کۆمەڵی کوردستان دا

لەبەر ئەوەی باسە بنچینەییەکانی دیپلۆماسیەتی بزووتنەوەی کوردایەتی ئەکەوێتە دوو قۆناغی کۆمەڵایەتی جیا جیاوە کە کۆمەڵی کوردستان لە هەریەکەیان دا سروشتی تایبەتیی و گۆڕران و کەشە کردنی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابووریی و رۆشنبیری تایبەتی خۆی هەبووە کە بە کشتی ئاراستەو کارتێکەری رووداوەکان بوون و لەو سنوورەشدا چینی دەسەڵاتدار رەفتاری کردووەو کەر بۆی لوابێ رژێمی تایبەتی خۆی دامەزراندووە یا هەوڵ و تەقەلای دامەزراندنی داوە بۆ ئەوەی بیکاتەچەکی پارێزکاری کردنی شوێن و جێگەو دەسەڵاتی سیاسیی و ئابووری . بۆیە پێشەکی پێویستە لەو دوو قۆناغە کە : قوناغی دەرەبەگی، وە قوناغی نیمچە دەرەبەگییە بکەین و سروشتەکانی هەر قۆناغێك تێ بکەین و بزانین ، وە سەرنجێك لە کۆمەڵی کوردستان و باری و رووداوەکان و

ڕێگەی گەشە کردنی بدەین . . لایەنە سیاسییەکەش بەو پێیانەو بەو پێوانانەش بکەینەوە . چونکە دەرخستنی رادەو جۆری گەشە کردنو پێش کەوتنی کومەڵی کوردستان ئەبێتە چاوگەی روون کردنەوەو شی کردنەوەی ئاستی هوشیاریو جۆری بیر کردنەوەی خەڵکی کوردو سەرکردەکانو ئاشکرا کردنی باری سەرنجیان لەرووداوەکان ، وەڵام ڕێگەیەشەوە ئەکەینە ئەنجامێکی بەجێی دەرخستنی هەڵوێست و هەنگاوو بیرو کرداری هەر سەرکردەیەکو ئەتوانری بەجێو نابەجێیەکان دەست نیشان بکەین ، بەپێی شوێنو کاتو باری هەر سەردەمە . جگە لەوەی کەهەر بەو جۆرەو لەو ڕێگەیەوە یاسا گشتییەکانی کۆمەڵایەتی و پێوانە بەجێیەکانی هەڵسەنگاندنی هەموو ئەو شتانەی مەبەست بێت دەرئەهێنرێو لەبەر روشناییان نەخشەی لێکۆڵینەوەی راست دائەنرێتو راستیە مەوزوعیەکان دەست نیشان ئەکرێن وە خۆمان لائەدەین لەهەڵەو بڕیاردانی پەلەی دوور لەبنچینەی زانستیو سۆزی وشکی بێ بناغە .

لەشی کردنەوەو لێکۆڵینەوەی هەر قۆناغێکی مێژوویی دائەبێت ڕێگەی زانستی گەشە کردنی رژێمە کۆمەڵایەتییەکان بگیرێ کە بنچینەکەي : جۆری بەرهەم هێنانو پەیوەندییەکاني بەرهەم هێنانە ، پەیرەوی ئەو راستییە زانستییە ئەکەین کە : ئاکۆکی

یەکان ، هۆی کاریکەرو کارتێکەری هەرە گرنگی کەشە کردنی کۆمەڵایەتی یە کەلە سەرەتاوە لەنیوان مرۆڤ و سروشتدا بووە ئینجا لەنیوان هێزی بەرهەم هێنەرو پەیوەندیەکانی بەرهەمهێنانی کۆندا دەرکەوتوە ، وەلە دواییشدا لەنیوان پەیوەندی یـــەکانی بەرهەم هێنانی نوێو سەرخانی رژێمە کۆنـەکەدا پـەیدا بووە جگەلەو ناکۆکیەسەرەکیەی کەدوژمنی داگیر کەرهێناویەتی یە کایەوە وبۆتەهۆیەکی گرنگی رووداوەکانو کارکردنەسەر جۆری کەشە کردنی کۆمەڵایەتی کە ئەنجامەکەشی لە هەرقۆناغێکی رابوردودا وەبەپێ ی سروشتیهەر کۆمەڵەو بەپێ ی زروفە مەوزوعیو زاتیەکان،هەرەس هێنانی کۆنو دامەزراندنی نوێ بووە . واتە هەر رژێمێکی کۆمەڵایەتی نوێ لەئەنجامی ناکۆکی یە کۆمەڵایەتی یەکانی رژێمی پێشوو وەلەناو کێژاوی ناکۆکی یەکان و زورانبازیو خەباتی کۆمەڵایەتی چینو بەشەکانی کۆمەڵ ، نوێ ، شوێنو جێگەی کۆنی گرتۆتەوە . جگە لەوە :

هەر رژێمێکی کۆمەڵایەتی لە باوەشی کۆمەڵو رژێمەکەی پێشو تریدا تۆوی چاندراوە وە دوای ئەوەی ناکۆکی یەکانی ناو کۆمەڵی هەر رژێمو قۆناغە توندو تیژتر بووە ، ئیتر پێش کەوتو ترین چینی نوێی نـاو کۆمەڵ ئاڵای روخاندنی ئـەو رژێمەی هەڵگرتوە چونکە : ناکۆکی ئابوریو جۆری بەرهەم هێنـان

ئەگەیشتە ئەو رادەیەی کە دەست کەوتی چینە نوێیەکە لەوەدا بێت کەشێوەی بەرھەم ھێنانی کۆن ھەڵ بتەکێنێو لەشوێنەواری شێوەی بەرھەم ھێنانی پێش کەوتو تر بھێنێتە کایەوە و بیشی کاتە بنچینەی ئەو رژێمە تازەیەی کەئەیەوێت دای بمەزرێنێ ٠

ھەروەھا ناکۆکی یەکانی نێوان یاساکانی رژێمێکی کۆمەڵایەتی ئاوێنەی ناکۆکی یە کۆمەڵایەتی یەکانی ئەو رژێمەیە وەلەلایەکی تریش ھەر رژێمێکی کۆمەڵایەتی یاسای ئابوری و شێوەی تایبەتی بەرھەم ھێنانو سروشتی جیای خۆیو یاسای ئابوری سەرەکی خۆی ھەیە کەرێکەو شوێنی شێوەی کار کردنی رژێمەکە بەگشتیو تایبەتی دەرئەخات ، مانای یاسای ئابوری و شێوەی تایبەتی و یاسای ئابوری سەرەکیو شێوەی کارکردنی رژێمی کۆن ئەبونــە ناکۆکی یەکی سەرەکیو توندو تیژ لە نێوان چینی کۆنی دەسەڵاتدارو چینی نوێدا ، ئیتر لەم سەرچاوەیەوە زۆرانبازی کۆمەڵایەتی سەری دەرئەھێناو ڕۆژ بەڕۆژ توندو تیژتر ئەبووەوە لە دواییشدا ئەنجامەکەی بەھەرەس ھێنانی کۆن و سەرکەوتنی نوێ دوایی ئەھات .

ئەو ھێڵە سەرەکیانەی سەرەوە کیانگەی لێکۆڵینەوەو تێ گەیشتنی یاسا مێژوییەکانو کەشە کردنی کۆمەڵایەتی یە لەو دوو قۆنـاغە مێژووییەدا .

ئەوەندە هەیە نابێت لەو گۆڕانو کەشە کردنو زۆرانبازی وروخاندنو بیناکردنەدا وابزانری کەئەوەندە بەئاسانی دێنەکایەوە کەلەماوەیەکی کەمداروو ئەدەنو مروف بەچاوی خۆی ئەیانبینێ یا هەستی پێ ئەکات . نەء ئەو ناکۆکیو گۆڕرانو زۆرانبازیانە لەماوەیەکی دورو درێژی سەدان ساڵی یا زیاتردا روو ئەدەنو هەر قۆناغێك بەپێی باری هەر وڵاتو ناوچەیە جیاوازە لەوی تر هەتا لەووڵاتە هەرە پێشکەوتووەکاندا هەر یەکێك لەو قۆناغە مێژوییە کۆمەڵایەتیانە سەدان ساڵ ماوەوە لە ماوەیەکی دوورو درێژیش‌دا گۆڕانو کەشە کردنەکان روی داوە ، لەبەر ئەوە وڵاتی واهەیە سەدان ساڵ زیاتر لەمەوبەر رژێمی‌دەرەبەکی تیاهاتوتە کایەوەو ئێستاش هەرماوە ، هی‌واش هەیە کە تیایا لاواز بوە یا رژێمی نیمچە دەرەبەکی شوێنی کرتوتەوە ، لە کاتێکدا کە وڵاتی واهەیەیەك‌دوو سەدەیەك لەمەوبەر ئەورژێمەی تیا هەڵتەکێنراوەو رژێمی سەرمایەداری تیادامەزرێنراوە بەڵکو لە هەندێ وڵاتیشـدا رژێمی سـەرمایەداریشی روخێنراوەو سوشیالیستی هێنراوەتە مەیدانەوە . . هەرچی چۆنێك بێت‌ئەوەی مەبەستی ئێمەیە رژێمی دەرەبەکیو نیمچە دەرەبەکی‌یە لـە کوردستـاندا . .

جالەبەر ئەوەی نیشتمانی کوردستان لەزۆر روەوە رێکە و

شوێن‌و شێوەی گەشە کردنی کۆمەڵایەتی خۆی بوەو جیازە لە وڵاتەکانی تر هەتا لەدراوسێکانیش ، ئەمەش سەبارەت بەو بارو زروفە جیاوازو تایبەتیانەیە کەلە سەرەتادا باسمان کرد. بەتایبەتی داگیر کردنی کوردستان و زەوت کردنی هەموو مافەکانی گەلی کورد .

بۆیە وەلەبەر تیشکی ئەو راستیانەی سەرەوە وە بە رەچاو کردنی باری تایبەتی کوردستان و زروفە مەوزوعی‌و زاتیەکان کە نەخشەی ڕێبازێکی تایبەتی گەشە کردنی کۆمەڵایەتی‌و رژێمەکانی کوردستانی کێشاوە دێینە سەرکورتە لێکوڵینەوەیەکی ئەم دوو قۆناغە .

## قۆناغی دەرەبەگی

رژێمی دەرەبـــەگی قۆنـاغێکی تەواو لەمێژووی گەشە کردنی کۆمەڵی کوردستان پێك ئەهێنێ کە سـەدان ساڵی خایاندوە ، وە وەکو رژێمێکی کۆمەڵایەتیو مێژوویی هەموو رویەکی ژیان : ئابوری ، سیاسی ، رۆشن بیری ، ئاینی یاساو نەریتو خوو رەوشتی گرتبوەوە ، کە ئەمانەش هەمووی سروشـــت و روخساری قۆناغەکەی دەست نیشان کردوەو وەکو قۆناغێکی نوێی جیاواز لە هەردوو قۆناغی پێشو پاشی لەکایەدا بووە.

دیاری کردنی سەرەتای دەست پێ کردنی ئەم قۆناغە لـــە کوردستاندا کارێکی ئاسان نی یەو پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی ورد هەیە ، بەتایبەتی ئائێستا لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە نەکراوە شتێکی ئەوتۆ نەنوسراوە کەبکرێتەسەرچاوە. بەڵام بەگشتی ئەتوانین ئەو سەدەو ساڵانەی کەمیرنشینو قەوارە کوردی یەکانی تیا دامەزراوە بـــە پلەی گەشە کردنی رژێمی دەرەبەگی دابنێین . کەزیاتر لە هەزار ساڵ لەمەوبەر ئەگرێتەوە

لەم بارەیەوە دکتور عبدالرحمن قاسملو ئەڵێ :

[ بەرەبەرە وەپێش هێرشی عەرەب رژێمی دەرەبەگیچەسپیو

زەوی بەرهەم هێنراو بەدەست ئەم کۆمەڵانەی خوارەوە بوو
١ــ پاشا ٢ــ خێزانی پاشـا ٣ــ پیاوە ئایینیەکان ٤ــ سـوپا
٥ــ فەرمانبەرەکان ٦ــ خاوەن موڵکەکان [١]

دەست پێ کردنی قۆناغی دەرەبـەگی لـەروی مێژوییەوە بۆ ئەو سەردەمە گۆرران و کەشە کردنێکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتوانە بوە چونکە ناکۆکیەکانی ناو کۆمەڵ گۆڕاوەو شـێوەو جۆر و رێکەیەکی تازەی گرت مرۆف لەقۆناغی کۆیلەیی یەوە گوێزرایەوە بۆ قۆناغێکی تازەی جیاواز چونکە لە قۆناغی کۆیلەییدا مروف ئامرازی بەرهەم هێنەر بووەوە هەر وەکو کەڵو پەڵو ئاژەڵ ، خاوەنەکانی کۆیلە بەئارەزوی خۆیان لەهەموو رویەکی ژیانـدا بەکاریان هێناون ، بێ ئەوەی جیا بکرێنەوە لـــە ئاژەڵو مەرو مالآت ، چۆنیان ویستبێ وایان لەناو بردوە بێ ئـــەوەی هیچ کەسێك رێگەیان لێ بگرێ یایاسا ماوەیان نەدات چونکە بێ لێپرسینەوەو چەندو چوون بە کرینی یابە دیل گرتنی بۆتـــە موڵکی تایبەتی خۆیان . کۆیلە هیچ جورە کەڵوپەڵو شتێکی تایبەتی لەهیچ رویەکی ژیانەوە نەبومو نەیتوانیوە ، خاوەنداریتی تایبەتی لە سادەترین شێوەشدا بەخۆیەوە ببینێ . بۆی نەبووە

[١] دکتور عبدالرحمن قاسملو / کردستان والاکراد / چاپی یەکەم بیروت ١٩٧٠ ، لاپەرە ١٣٧

ژن بێنیو ببێتە خاوەن شوێنی حەسانەوە سەرچاوەی ئەمئامرازی بەرهەم هێنانە ـ کۆیلە ـ کڕینو فرۆشتنو شەڕو شۆڕو بە دیل کردن بووە ، ئەمە بناغەو روی قۆناغی پێش قۆناغی دەرەبەگی یەوە بۆ بەراورد کردن و هەڵسەنگاندن و دەست نیشان کردنی جیاوازیەکان خستمانە پێش چاو .

بەڵام لە قۆناغی دەرەبەگیدا : بناغەی دامەزرادنو کەشە کردنی : زەویو کشتو کاڵو بەخێوکردنی مەرو ماڵات بووە کەلەوسەر دەمانەوە لەسەرەتادا خێڵە کۆچ کەرەکەمان پێی هەڵساون ، هەرچەندە لە دواییشدا کە ڕژێمی دەرەبەگی خۆی گرت بووە کۆسپی ڕێگەی خێڵو هۆزە کۆچ کەرەکان نەك هەر لەبەر ئەوەی کە هاتووچۆو گەرمیانو کوێستان کردن نەئەگونجا لەگەڵ سروشتی ناوچەیی دەرەبەگیو سنورەداخراوەکەی دا ، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە وردە بازرگانی کردنی ئەو خێڵانە لەرێڕەوەکانیاندا کارێکی ڕێگە پێ نەدراو بووە ، سەرەرای ئەوەش خێڵو هۆزبەستنەوە بەزەویو کشتوکاڵەوە بە درێژایی ساڵ نەدەگونجا لەگەڵ کۆچ و رەودا . بۆیە ئەو خێڵ و هۆزە کۆچ کەرانە ، کەسەرەتای دەرەبەگیان هێنایە کایەوە ، بونە بەشێکی جیاواز لەچینی دەرەبەگ .

لەروی هاتنەکایەی ڕژێمی دەرەبەگی یەوە دکتورعبدالرحمن

قاسملو ئەڵێ :

[ دامەزراندنی دەرەبەگایەتی لە کوردستاندا کە لەناو ڕژێمی بەندەکێتیدا بووە سروشتی ئەم ڕژێمی بەندەگێتی یە بەیاشی کەشەی نەکردبوو کەئەمەش کاری کردبووە سەر کەشە کردنی خاوەنداریتی تایبەتی بەشێوەیەکی ئاشکرا ، خاوەنداریتی کۆمەڵ لەکاتی دامەزراندنی دەرەبەگایەتیدا هەر مابوو ، کەلە وڵاتەکانی تردالەژێر سایەی کۆیلەیەتی پێنکەیشتودا نەما . وەخاوەنداریتی کۆمەڵ پاش چەند سەدەیەك هەر درێژەی کێشا . وە ڕژێمی کۆمەڵ ( النظام الجماعی ) لە دێهاتدا تارادەیەکی زۆر لەسەرخاوەنداریتی کشتی بەندبوو(١)]

بۆ روون کردنەوەی سروشتو روخساری ڕژێمیدەرەبەگی واچاکە لایەنی ئابوری‌وسیاسی‌و یاساو سەربازی‌و ئاینی‌ڕژێمەکە دەربخەین‌و ناکۆکیە کۆمەڵایەتیەکان دەست نیشان بکەین وە چین‌و بەشە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵی کوردستان لەو سەردەمەدا چۆن بوون دەریان بخەین .

ڕژێمی ئابوری دەرەبەگی سروشتی‌و سادەو داخراوو بووە کە بنچینە ساکارەکەی بۆ خۆ بەرێوەبردن‌و داپۆشینی پێویستی یەکانی ژیان بووە لەسنوری ناوچە دەرەبەگی یەکەدا کەجوتیاران

---

[١] د . عبدالرحمن قاسملو / سەرچاوەی ناوبراول ١٣٦ و١٣٧

بەئامرازو کەرەسەی ئەوسەردەمە پێویستی‌یەکانی ژیانیان بەرهەم هێناوە لەرێگەی کشت‌وکاڵو زەوی‌یەوە ، جگە لەوەی کە هەر لەو سنورەی ناوچەی دەرەبەگی وەبۆ داپۆشینی پێویستی‌یەکانی ژیانە سادەکە ، ئامرازی بەرهەم هێنانی کشت‌وکاڵو بەساکاری جلو بەرگ ، پێڵاوو قاپو قاچاغو پێخەفو بەرهەمی سادەی پیشەسازی دەست کرد دروست ئەکرا ، خانوو دروست کردنو وشـوێنی مەڕومالات ڕێك‌خستن هەر بەجوتیاران ئـەکرا . خۆ ئەگەر لەشاروچکەکانی کوردستاندا وردە پیشەکەری هەبوبێ وا هەر بەستراوە بووە بەکشت‌وکاڵەوە .

لەبەرئەوەی دەسەڵات‌وفەرمان بەدەست‌چینی‌خاوەن دەسەڵاتەوە بووە بۆیە زوربەی زۆری زەوی‌و زار مولکی میرو پاشـاو کار بەدەستی گەورەو خزمانیان بووە ، دوابە دوایان کاربەدەسـتانی ترو پیاوە ئاینی‌یەکان هاتووە لـە خاوەن مۆلکیتیدا . بـــەڵام زوریەی زۆری دانیشتوان بەشێکی زۆر کەم زەویان بەرکەوتوە کەزوربەی ئەم بەشە هەر هیچی بەرنـــەکەوتوە جگە لەوەش زۆریان بەندی زەوی بوونو بەسترابونەوە بەناوچە دەربەگیەکەو زەوی کشتۆکاڵیەوە . هەر چەندە ژمارەیـــەکی کەم خاوەنی پارچەی زەوی بچوك‌بچوك‌بوون بەڵام هەمووجوتیاران‌بەکشتی بە ماڵ و منداڵ و خێزانەوە لەبەر دەســـت ئاغا دا چاوەروانی

فەرمانیان کردوە ، سەرەرای ئەوەی کە کارکەری زەوی‌و بەر دەستەی بوون هەموو جۆرە باج‌و سەرانەیەکیان لێسەندراوە ، بێکاری هەمە جۆریان بەسەردا سەپێنراوە . . سورانە ، مەرانە جەژنانە ، سەرخۆشانە ، مریشکانە ، هێلکانە ، رۆنانە ، تەپالآنە پوشانە ، گوریسانە ، سەرانەو شاخانەیان لێوەرگیراوە بەزۆر ، جگەلە بێکاروجنێو لێدان‌و فەلاقەو دەربەدەر کردن‌و کوشتنیش هەربەشیان بووە ، سەربازی پاریزگاری کردنی سنوری ناوچەو دەسەلآتی دەرەبەگی هەر جوتیاران بوون ، بەئارەقی ناوچەوان‌و رەنجی شان‌و خوێن‌و فرمێسکیان دیوەخانەکانیان رازاندۆتەوەو کۆری ئاهەنگ‌و بەزمی شەوانیان تیاســــاز کردوە ، بەنـاوی ئاینیشەوە پارەو بەرهەمی رەنجی شانیان لێسەندراوە ئەمەجگە لەبەشی مەلاو پیاوە ئاینیەکان ، ئەم بارە هەموو دێ‌و شوێنێکی کوردستانی گرتبوەوە . . لەم روەوە تەنیا نمونەیەکی ناوچەیەك لە ناوچەکانی کوردستان ئەهێنینەوە کە باسیل نیکیتین لـــە کتێبەکەیدا ـ الاکراد ـ لاپەرە ١٢٥ و ١٢٦ دا باسی ئەکات‌و ئەڵێ :

[ کوردە یەزیدیەکان دەیەکی بەرهەمی ساڵانەیان ئەدەن بەمیر ، ئەوەندەش شێخ وەسەرکردەی هۆزەکان وەری ئەگرن ئەمەش مانای وایە کەهەر کوردێك دوو بەش لەپێنج بەش

بەرهەمی ئەدات بەسەرکردە روحی و ئاینی یەکان . جگەلەوە کوردەکان خێمەو کەڵو پەلی ئاغاکانیان ئەگواستەوە ، ئەبو هەر زاوایەك مانگایەکی بداتێ ، ئاغا خۆی پارەی بە سزا لەسەر پێنجی کەران وەرئەگرت. بۆ خەتەنە شێخ لـــە دوو گوێزەکەوە ئادەی وەرئەگرت ، بۆ ئاهەنگی ژن هێنان لەپێنج گوێزەکەوە ئاپانزەی وەرئەگرت ، وەبۆدەرکردنی جنۆکەو شەیتان دوو ئاسێی وەرئەگرت .. هتد ، جگە لەباج هەرکە سەرکردە فەرمانی دا ئـــەبوو هەر کوردێك چەك هەڵبگرێ و کاروباری ئایبەتی خۆی بەجێ بهێڵێ بە زۆرێ یابەخۆشی .. وە سەربازو شـــەرکەری رژێمی دەرەبەگی بووبە خۆرایی .. وە دەرەبەگیش باجی لەسەر کەڵ زۆر تر ئەکرد بۆ ئەوەی مانگانەو کەڵوپەلی پێویست بۆ شەڕکەرەکانی پەیدا بکات . لە ســـەدەی نوزدەهەمدا سەرفی هەر شەرکەرێك ئەگەیشتە ۱٦۳ روبڵی زیو ، جگە لە پارەی ساڵانە کە ۲٤ روبڵ بوو . جگە لەوانە هەموی لەسەر هۆزەکان پێویست کرابوو کە جلو بەرگ و چەك و ئەسپ بدەن بەشەڕکەرەکان (۱) ]

[۱] باسیل نیکتین / الاکراد / طبعة بیروت ۱۹٦۷ / لاپەرە ۱۲٥ و ۱۲٦

هەر چەندە لەپلەی گەشە کردنی رژێمی دەرەبەگیدا بازرگانی و ئاڵو گۆڕ کردنی کەل وپەل کەمێك گەشەی کرد بوو ، ئەو قازانجانەی لەو رێگەیەوە دەست ئەکەوت لە سنورێکی تەسك دا بووەو دەورێکی وای نەئەبینی لەژیانی ئابوری سەردەمی رژێمی دەرەبەگیدا ئەوەش بەهۆی لاوازیو کەمی قازانجو تەسکی جولانەوەو ناوچەی کارو خراپی رێگەوبانو پچڕاندنی دا بڕینی ناوچەکان لە بەیەکتری‌زنجیرەی چیای سەختو روبارو نەبونی ئامرازی هاتوچۆ کردن سەپاندنی باجو سەرانەی دەرەبەگیو . . . هتد بووە .

## بناغەی سیاسی رژێمی دەرەبەگی :

حوکمڕانی ناوخۆی سنوریی تەنیا لە ناوچەدەرەبەگیەکەدا بووە ، ئەمەش پاش ئەوەی رژێمەکە گەیشتۆتە بەرز ترین پلەی گەشە کردن چونکە لەسەرەتاوە ، ناوچەی دەرەبەگی بچوك بووە . دوای بەهێز بوونی خێزانێك یاهۆزێك دەسەلاتی پەیدا کردووە ئیتر بەشەڕوشۆڕ بوبێ یابەئاشتی کەوتۆتە فراوان کردنی ناوچەکە .. یا خێڵو هۆزەکانی تر لەترسا بەناچاری پەنایان ئەبردە بەر ئەو هۆزە دەسەلاتدارەی ناوبانگی دەرئــەکردو ئەچونە ژێر دەسەلاتیەوە ، بەمەرجێ پارێزگاری کردنی خۆیانو مولــكو مالیان بکرێ . . بەوجۆرەناوچەیەکی دەرەبەگی بەرە بەرە فراوان

ئەبوو دەسەڵاتی بەهێزتر ئەبوو تاوای لێ ئەهات ناوچەیەکی فراوان ئەکەوتە دەستی ئەو خێزانە یا ئەو هۆزەوە کە لە ئەنجامیشدا دامەزراندنی دامو دەستگای بەرێوەبردنو پێك هێنانی لەشکری رێكو پێك ئەهێنرایـــە کایـــەوە وە بۆ جێ گیر کردنی ئەمەش زۆر کردنی باجو سەرانە و بێگار بۆ پارێزگاری کردنی دەسەڵاتو وەستان بەرامبەر دوژمنان ئەبوو شتێکی پێویست کە بەم جۆرە قەوارەو میر نشین دامەزرێنراوە . بەم شێوەیە سەرەتای هەرمیر نشینو قەوارە یەك دامەزراوەو گەشەی کردووە. بۆ نموونە سەرەتای دامەزراندنی میر نشینی بابان ئەهێنینەوە کە :

خان بداغی کوری فقی ئەحمەدی داروشمانە دەسەڵاتی پەیدا کرد ، پاش ئەوەی فەقێ ئەحمەد بناغەی میر نشینێکی بچکۆلەی دامەزراند،زەبرو زەنگی خان بداغ لە ناوچە کەدا دەنگی دایەوەو تیرەو هۆزەکانی دەوروپشتی کەوتنە مەترســـیەوە .. ئیتر بە ناچاری عەشیرەتەکانی ئاکۆ ، بلباس ، ئالانو ماوەت ئامادەیی خۆیـــان نیشان دا بۆ چونە ژێر دەستەلاتی خان بداغەوەوە ناوچەکانیان خرایە سەر ناوچەی دەسەلاتی ئەم فەرمان رەوایە .. ئەم ناوچەوعەشیرەتانەش بونە ناوەندیەکی بەهێز بۆ میر نشینی بابان وە پەل هاویشتن بۆ هەموو ئەو ناوچانەی ترکە لەشکرەکەی بیکەیشتایە تاوای لێ هـات دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێك بهێنێو میرو پاشاکانی بـابان حوکمی

هەموو ناوچەکانی سەربە میر نشینەکەیان بکەنو جاروبارێك بەرامبەر دەولەتە گەورەکانیش بوەستن .

**لەڕوی یاساوە:** هەررژێمێکی دەرەبەگی رژێمو یاسای تایبەتی خۆی هەبووەکە هەموو لەخزمەت دەسـەلات داروەبۆ پاراستنی میر نشین و ناوچەکە بووە . . بەلام لەگەل ئەوەشدا فەرمانو قسەی میر یاپاشا لەسەرو هەموو یاسـایەکەوە بووەچی ویستوەو چۆنو بۆی لوابێتو چ رێگەیەکی بەباش زانی بێت بۆ پارێزکاری کردنی دەسەلاتو بەرژەوەندی خۆی هەر ئەدەی کردوە. چونکە یاساو رژێمە دانراوو ئاشکراکەش هەر بەراوئامۆژگاری میر یاپاشا بووە ، بەو جۆرە هەر میرنشینو ناوچەیەکی دەرەبەگی وەکو دەولەتێکی سەربەخۆ رەفتاری کردوە بێ گوێ دانە میر نشینێکی تر . جا هەر چەندە دەولەتە داگیرکەرەکان کوردستانیان خستبوە ژێر دەسـەلاتی خۆیانەوەوە بە رەسمیو بـەناو حوکمی راستەوخۆی ناوچەی میرنشینەکانیان کردوە . . بەلام لەراستیدا ناوچە دەرەبەگیو میرنشینەکان سـەربەخۆیي ناوخۆیان هەبووەو بەکردار یاسای ناوخۆو فەرمانی میرو پاشاکان جێبەجێ کراوە جێگەی خۆی گرتوە . . بەتایبەتی میر نشینە کوردیەکان لـــە پلەی بەهێز بوونو گەشەکردنیانداوە لەو کاتانەدا کەسەربەخۆیی خۆیان بلاو کردۆنەوە فەرمان و یاسای دەولەتی داگیرکەر

فرێ دراوەتە لاوەو یاسای تایبەتی میرنشین پەیرەوی کراوە کە بەگشتی خزمەتی دەسەلاّت دارو پایەو شوێن و جێگە و دەست کەوتی کردوە ، بێ ئەوەی مافی خەڵکی بپارێزێت ، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ناکۆکیە زۆر توندو تیژ نەئەبوو کە ببێتە هۆی وەستاندنی خەڵکی دژی دەسەلاّتدارو فەرمانڕەواکانیان چونکە دوژمنێکی گەورە بەرامبەریان وەستابوو کەچاوی بڕیبوە وڵاتەکەیانو لە هەل ئەگەڕا بۆ داگیر کردنی کەلەم کاتانەدا بارو گوزەرانی خەلکی ناخۆشو دژوارتر ئەبوو .. بۆیەخەڵکی کورد لە سنوری هەر میرنشینێکدا ڕیزی میرومیرنشینەکەی گرتووەو شەڕی لەپێناودا کردووە پاراستنی مەبەستی بووە . بەلاّم لە وڵاتانی تردا کە مەترسی‌و داگیر کردنیان لەبەر دەمدا نەبووە ئەو دوژمنە لەئارادا نەبووە. بۆیە ناکۆکی نێوان دەسەلاّتدارو خەڵکی توندو تیژ بووەو هەر دەرفەتیان بوبێ لێی یاخی بوون .

## لە ڕوی سەربازی‌یەوە :

بۆ پاراستنی ناوچەی دەرەبەگی‌و بەرەنگاری کردنی دوژمنان هەر قەوارەیەکی دەرەبەگی‌و میرنشینێك لەشکری تایبەتی خۆی هەبووە کە کۆمەلاّنی خەڵکی لەهەموو ڕویەکەوە سەرچاوەی پێك هێنانو ژیانو پڕرچەك کردنی‌و شەڕ بوو.وەهەموو کەس سەرباز بوون لەکاتی فەرمان پێ کردندا ئامادەی قسەی فەرمانڕەوا

بوونو بەچەکی خۆیانەوە چونەتە مەیدانی شەڕەوە .

**لایەنی ئاینی** دەورێکی گرنگی بینیوە لەم سەردەمەدا، وە لەبەر ئەوەی پیاوە ئاینیو زاناکان شوێنی باوەڕو متمانەی خەڵکی بوون ، بۆیە هەموو قسەو فەرمانو ئامۆژگاریەکانیان جێ بەجێ کراوە بێ چەندو چون وەهەر کەسێك لێی دەرچوبێت بەیاخی بوو لەئاینی ئیسلام دانراوە . . جاسەبارەت بەو پایە گرنگەی ئاینیو پیاوە ئاینیەکان ، میرو پاشاو ئاغاکان ڕێزیان لێ گرتونو هەمیشە هەوڵیان داوە لە سنوری بەرژەوەندی ئەواندا بیان جوڵێنن ، خۆئەگەر کارێکی وایان کردبێت کە لەو سنورە دەر چووبن واهەوڵی جێگە پێ لێژ کردنیان دراوە . . دەوری ئەم لایەنە لەکاتی شەڕو شۆڕدا زۆر بایەخدار تر بووەو هەرلایەك ویستویەتی ، بەتایبەتی داگیرکەران کەلایەنی ئاینیو زاناکانی ئاینی بکەنە کوتەکی دەستیان لەجێ بەجێ کردنی نیازومەبەستیانداو زۆرنجار وتستویانە روی ڕاستی ئاین بشێوێنن لەو پێناوەدا .

**ناکۆکی سەرەکی** لەمقۆناغەدالەنێوان چینی دەسەڵاتدارو دەرەبەگ لەلایەكو جوتیاران لەلایەکی تردا بووە . چونکەچینی سەرەوەو چەوسێنەرەوەی کۆمەڵانی خەڵکی بووە . . جوتیاران وەکو ئامرازی بەرهەم هێنان وە دەرەبەگ سەرخانی ڕژێمی ئابوری و کۆمەڵایەتی پێك هێناوە واتە چینی هەرە

سەرەوەی کۆمەڵ ، جا هەر چەندە لـــە کوردستاندا ئەم ناکوکییە بەتوندو تیژی دەرنەکەوتوەو لـــە زۆر جاردا نەگەیشتۆتە رادەی پێکادان . . ئەمەش بەهۆی داگیرکردنی کوردستانو هەرەشەی داگیر کردنو شەڕوشۆڕو چەوساندنەوەی داگیر کەرەوە ، بۆیە هەر چەندە روی چەوساندنەوە و رووت و ڕەجاڵیو بەندەکێتیجوتیاران ئاشکراو لەروو بووەو هەندێجار بووتەهۆی یاخی بوونو راکردن لەدەست ئاغا یالەبەرەی شەڕدا چەك فرێبدەن. .بەڵام بەگشتی ناکۆکی گرنگ ، دوژمنیسەرەکی هەر بەداگیر کەر دانراوەو خەڵکی زیاتر ئەوەی بەچاو بینیوەو هەستی پێ کردوەوەبەمەترسی گەورەی داناوە .

دەسەڵاتی سیاسیوسەربازیو ئابوریو ئاینی رژێمیدەرەبەگی دەستکاکانی پارێزەری رژێمە کۆمەڵایەتیەکەی دەرەبەگی چینی دەرەبەگ بوە .

لەگەڵ ئەو هەموو سروشتو راستیانەی ناو رژێمیدەرەبەگی لایەنێکی گرنگ لە کوردستاندا هەبووە کە پێویست بە دووبارە کردنـەوەو زیاتر روون کردنەوە هەیە ، ئەوەش لایەنی داگیر کردنو دابەش کردنی کوردستانە .

چونکە لەگەڵ ئەوەدا کەئامانجی سـەرەکی هەر پاشـــاو دەسەلاتدارێك پارێزگاری کردنی دەسەڵاتو پایەو ســـنوری

ناوچەکەی بووە ، کەئەمەش کۆسپێکی گەورەی رێگەی گەشە کردنی هەستی نەتەوایەتیو یەکگرتنی گەلو یەکخستنەوەی نیشتمانو زمانی یەکگرتوی نەتەوە بووە .. جگەلەوەی قەوارەو پارێزگاری کردنی پێویستی بەدامو دەستگای بەڕیوە بردن و بەرگری کردن هەبووە کە ئەمەش باری سەر شانی دانیشتوانی گران ترکردووە لەباجو پارەو پول سەندنو شەڕو چەکهەلگرتن و ژیاندنی چەکدارو شەڕکەرەکانو ناچار بوونیان بەفرۆشتنی بەرهەمی کشتوکاڵ بەهەرزان بۆ دانی باجو جێ بەجێ کردنی داوای فەرمان رەوا . کە ئەمەش جوتیاری دووچاری چەوساند نەوەیەکی تریش ئەکرد لەرێگەی سووسەلەم خۆرەکانەوە.

بەڵام سەرەرای ئەم بارە .. داگیر کردن و شەڕ و شۆڕی هێرش بردن بۆ لەناو بردنی میر نشینەکان یا سەر شۆڕ کردن پێیان روی ناکۆکی کۆمەڵایەتی گۆڕی بوو . . چونکە شەڕو شۆڕو داگیر کردنو ئەرکی داگیرکەران هەر بەسەر شانی خەڵکیەوە بووە جگە لەلایەنی داگیر کردنی نیشتمان لەگەل ئەمەشدا جاری وابووە لەگەل باری ناوخۆدا میر نشینێك زۆرو ستەمی هەردوو دەولەتی داگیرکەری عوسمانیو فارسی سەفەوی لەسەر بووە . محمود پاشای بابان نمونەیەکی ئەو راستیە بۆ ریچ ئەگێرێتەوە کەریچیش لەکتێبەکەیدا باسی کردوەو ئەڵێ

[ محمود پاشا دەستی کرد بەقسە کردن دەربارەی وڵاتەکەیو کۆسپو کێشەکان بەهۆی ئەوەوە کەئەکەوێتە نێوان سنوری دوو دەوڵەتی بەربەرەکانی کەرەوە کە یەکەمیان بە داوا کردنو سەندنی باجی ساڵانە چەوساندنەوەی هەیە وەئەوی تر کە دەسەڵاتدارێتی تورکە میرنشینەکەی سەربەوە ، زۆری لێ ئەکات کە ڕوو لەئێران وەربگێرێتو پارەی نەداتێ کەلەگەڵ ئەوەی داواکەی جێبەجێ کرد کەچی بەرگری لە میرنشینەکەی نەکردویارمەتی نەدا .. وە باسی ئەنجام خراپی ئەو زۆرە ملە دوولایەی کرد کە چۆن کار ئەکاتە سەر سامانی وڵاتو کەشە کردنی (١) ]

ئەم بارەی کوردستانو زۆرەملیەی داگیرکەران بۆ دەستەمۆ کردنی میرنشینەکانو سەپاندنی فەرمان رەوای راستەوخۆی پایتەختو زولمو زۆرداریچینی کاربەدەستی دەوڵەتی داگیرکەرو زۆرو هێزو هێرشەکانیان بووە هۆی ئەوەی کە سروشتی قەوارە دەرەبەگیەکان لە کوردستاندا شێوەیەکی تایبەتی بەخۆیانەوە بگرنەوە ئەو روخسارە دوژمنانەیەی لە وڵاتەکانی تردا هەیبووە بەرامبەر بەخەڵکی لە کوردستاندا بەو جۆرو شێوەیە نەبێت ، وەهەتا لەکاتی هیرشی داگیرکردندابێتە بەرگریکەرو پارێزەری

---

[١] رحلة ریچ فی العراق عام ١٨٢٠ چاپی بەغدا ١٩٥١ ل ٥١

خەڵکی کورد دژی داگیر کەران . هەر لەبەر ئەو راستیەشـە کەکەلی کورد ئێستا یـەچاوی رێزەوە بەگشتی سەرنجی مـــیر نشینەکان ئەداتەوە بەبەشێك لەشانازی نەتەوەی کورد دائەنرێت

لەم قۆناغەدا کوردستان‌و دانیشتوانی دووچاری چەند جۆر ئازاردان‌و چەوساندنەوە بووە :

× داگیر کردن‌و دابەش کردن هەمیشە مەترسی داگیرکەرانی خستۆتە بەردەم خەڵکی کوردستان‌و زوربەی میرنشینەکان .
× چەوساندنەوەی چینی دەرەبەگی دەسەڵاتداری دەوڵەتی داگیرکەر
× بوونی رژێمی دەرەبەگی ناوخۆ .
× زۆری دەوڵەتە داگیرکەرەکان لەسەر میرنشینەکان بۆ ئـــەم مەبەستـانە :
× لەکاتی بەهێز بوون‌و سەربەخۆییدا هەوڵدان بۆ ڕوخاندنیان
× یابۆ بەکار هێنانیان دژی دەوڵەتەکەی بەرامبەری .
× دەســـتەمۆ کردن‌و حوکمی راســـتەوخۆ زۆر کردنی باجی سالانە .

## چین‌و بەشە کۆمەڵایەتی یەکانی کوردستان

لەقۆناغی دەرەبەگیدا بەم جۆرە بووە :

یەکەم : میرو پاشاو کەس‌وکاریان ، ئاغاو خان‌و خاوەن‌زەوی‌یە گەورەکان ، کاربەدەستە گەورەکانی میر نشین کە لە خزم‌و

کەس و کاری میر و پاشا پێك هاتبون .. ئەمانە چینی سەرەوەی کۆمەڵیان پێك هێنا بوو کە دەسەڵاتی سیاسی و ئابوری و زوربەی زۆری زەوی یان بەدەستەوە بووە .

دووەم : پیاوە ئاینی و کاربەدەستەکانی تری میرنشین .. بەشێکی تری کۆمەڵ بوون کە شوێنی کۆمەڵایەتیان دیارو ئاشکرا بووە . بەتایبەتی پیاوە ئاینیەکان لەم سەردەمەدا دەورێکی ئەوتۆیان هەبووە لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا کەبێ سنور مل کەچی خۆیان و هەموو فەرمان و ئامۆژکاریەکانیان بوون ، بۆیە کاربەدەستان بایەخێکی تەواویان بەپیاوە ئاینیەکان داوە نزیکیان کردونەتەوە لەخۆیان . لەبەر ئەوە هەرچەندە پیاوە ئاینیەکان بەجیا وەکو چینێکی کۆمەڵایەتی خاوەن دەسەڵاتی ئابوری نەبوون بەڵام بەشێکی گرنگ و خاوەن دەسەڵات بون کە لەراستیدا بوبونە بەشێکی تەواوکەری چین و بەشی یەکەم

سێیەم : چینی جوتیاران کەزوربەی زۆری کۆمەڵ بوون بەشی زۆریان کویلەی بەستراوە بوون بەزەویەوە ئازاردان و چەوساندنەوەو ئەرکی رژێم کەوتبوە سەرشانیان ، هیچ جۆرە سەربەستیەکیان نەبوو . . هێزی بەرهەم هێنەری پێویستیەکانی ژیان بوون ، ماڵ و منداڵ و ژیانیان لەبەر دەست ئاغادا بووە

چوارەم : لەپلەی گەشەکردنی رژێمی دەرەبەگی دا سەرمایەداری

بازرگانیو سوو سەلەمو کەلوپەل ناردنە دەرەوە پەیدابوو کەلەو کاتەشەوە رژێمی دەرەبەگی بەرەو لاوازی ئەچو ، ئەم بەشەشی هەر بەوپێیە بەرەو گەشە کردن ئەڕۆیشت . تا وای لێهات لەکاتی گەندەڵ بوونی رژێمەکەدا بونەبەشێکی کۆمەڵایەتی دەورْبینەر لەگۆرِرانە ئابوریو کۆمەڵایـــەتیو سیاسیەکان ، جگە لەوانە پیشەگەرە دەست کردەکان وەکو بەشێکی بچوکی لاوازی جیا لـــەوانی تر لەئارادا بوو ، ئەم بەشەش لە کۆتایی قۆناغەکەوە لەکاتی بێ هێزیوگەندەڵی رژێمی دەرەبەگیدا بایەخی خۆی پەیداکردو شوێنی خۆی گرت بەتایبەتی لە شارەکاندا .

یەکێك لە دەرکەوتوەکانی تری ئەم قۆناغەدا ئەوەبو کە سەرەتای دەست پێکردنی هاتنە کایەی مەرجەکانی نەتەوەدەستی پێ کردووە ، وەلەبەر ئەوەی کوردستان ژێر دەستەو دووچاری چەوساندنەوە بوبو بۆیە هەتا خاوەن مولكو سەردارەکان کە رێبازی سەربەخۆیی میرنشینەکانیان گرتبوە بـــەروە بەرەنگاری داگیرکردن ئەبوون .. لەبەر ئەوە هەستی نیشتمان پـەروەریو گیانی بێزاریونارەزایی بەرامبەربەدوژمن باشتر گەشەی ئەکرد .

لێرەدا شتێکی گرنگ هەیە پێویستە لامان روون بێت پێش ئەوەی کۆتایی بەسروشتی ئەم قۆناغە بنێین .. ئەویش ئەوەیە کە

بەهۆی باری کوردستانو هێرشی داگیرکەران . شێوەی رژێمی دەرەبەگیو جۆرو رێگەی موڵکدارێتی زەوی لەم قۆناغەدابەیەك شێوە نەبووە بەڵکو هەر داگیرکەرێك شێوەیەکی تایبەتی خاوەن دارێتی زەوی هێناوەتە کایەوە بۆ نموونە رژێمی دەرەبەگیو شێوەی خاوەندارێتی زەوی ، لەپێش هاتنی عەرەبە موسڵمانەکان بۆ کوردستانجۆرێك بووە ، وەلەکاتی هێرشی عەرەبەموسڵمانەکان لە زەمانی عەباسیەکان ، لە هێرشی هۆلاکۆ ، لە کاتی سەفەویەکاندا ، وە ئینجا هاتنی عوسمانیەکان لەهەر یەکێك لەمسەردەمانەدا جۆرە گۆڕانو جیاوازیەکی هەبوە

## قۆناغی نیمچە دەرەبەگی

بورپابوونی شۆرشی پیشەسازی لە ولاتە پێشکەوتوەکاندا ، بەتایبەتی لە ئەوروپا ، کردنەوەی کارگەو کارخانەو هاتنەکایەی چینی سەرمایەداری پیشە سازی ، لەئەنجامیشدا هەڵگیرساندنی شورشی چینە بۆرژوازیەکان لەو ولاتانەدا کەراستەوخۆ دژی رژێمی دەرەبەگیو پاشماوەی پەیوەندی‌یە دەرەبەگایەتیەکان بوو کەبووە هۆی هەڵتەکاندنی رژێمی دەرەبەگیو دوایی پی هێنانی قۆناغی دەرەبەگایەتی . وەلە شوێنەواری رژێمی قوناغێکی نویی کۆمەلایەتی‌هاتە کایەوە، کەرژێمو قۆناغی سەرمایەداریە ئەم رێگەیە رێبازێکی تایبەتی کەشە کردنی کۆمەلایەتی‌یە لەولاتەپێشکەوتوە کاندا ، بەلام لەولاتە دواکەوتوە داگیرکراوەکان بە گشتی وە کوردستان بەتایبەتی ڕێبازی کەشەکردنی کۆمەلایەتی زۆر جیاوازبووەو جیاوازەلەگەڵ ئەو رێبازەی‌یە کەم دا،نەك هەر سەبارەت بەوەی کە شۆرشی پیشەسازیو چینی سەرمایەدار لە ئارادا نەبووە کە بەو گۆڕانە هەڵسێ ، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە کوردستان ولاتێکی دابەشو داگیرکراو بووەلەلایەن نەتەوەی گەورەی کاربەدەستەوە کە داگیر کردنەکەی ناوەروك ئیمپریالیستی بووەو بە

کرداریش هەر ئەو سروشتەی هەبووەو .

ئەمەجگەلە دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان، کەپاش هاتنیان ناوچەکەیان بەگشتی خستە ژێر دەستەوەو کردیانە بازاری خۆیان . جائەم دوو جۆر داگیرکردنە چەوساندنەوەو ئازاردانی نەتەوایەتی و چینایەتی هەردولاکەی سەپاند بەسەر گەلی کورددا ، چونکە پەیدا بوونی ئیمپریالیزم و لەدواییشدا پێکەوەنانی کومپانیای گەورەو کارتیل و ترست بووە هۆی ئەوەی یەکسەر ولاتە داگیر کراوەکان ببەستنەوە بە پاشکۆی خۆیانەوەو بشیان کەن بە بازاری فراوانیان لەهەموو رویەکەوە ، کە ئەمەش راستەوخۆ رێگەي گەشە کردنی کۆمەلایەتی کرتبوو . ئەمە لەلایەك .وە لەلایەکی ترەوە هاوپەیمانی چینی دەسەلاتداری نەتەوەی کار بەدەست لەگەڵ ئیمپریالیزم لەسەرێکەوە لـەگەڵ دەرەبەگە خۆفرۆشەکانی ناوخۆ لەسەرێکی ترەوە کەکرابونە مەقاشی دەستی داگیرکەران و بەرامبەر بەمەش زەوی و زاریان پێ ئەبەخشرا ، ئەم هاو پەیمانیە یەکسەر کاری ئەکردە سەر کوردستان و گەلی کورد لەهەموو رویەکەوە . ئەمانە هەمووی لەکاتێکدا بوون کە هەژاری و دواکەوتویی و نەخوێندەواری باڵی بەسەر گەلی کورددا کێشابوو . جالەم روەوە باسەرنجێك لە گۆرانەکانی شـێوەی خاوەنداریتی زەوی و موڵکدارەکان بدەین بەپێی هەڵوێست و

بریارو کردارەکانی دەوڵەتی عوسمانی . کەسوڵتان سەلیمی یەکەم بەپێی بەرنامەی چاککردن لەدەوڵەتی عوسمانیدا چەند فەرمانێکی دەرکرد یەکێك لەوانە بریاری نەهێشتنی رژێمی دەرەبەگی بوو کەئەمەش نەك هەر بریارو ورو کەش بوو . . بەڵکو سروشتی دەوڵەتەکەو لاوازی بەرتیل خۆری و خراپی فەرمانبەرەکان رێگەی ئەوەی نەئەدا تەنیا هەنگاوێك لەو مەیدانەدا بنرێ ، نەك هەر ئەوەش نەکرا . . بەڵکو دەوڵەتی عوسمانی بەدرێژەدان بەداگیر کردن بەدروست کردنی پایەگای مانەوەو خۆسەپاندن کەوتەدابەش کردن و بەخشینی زەوی بەسەرسەرەك عەشیرەت و ئاغاو شێخ و پیاوە ئاینیەکان کەسەربەخۆیی و مل کەچی هەموو فەرمانێکی بوون . بەم جۆرە خاوەن موڵکی گەورەو بچوك پەیدا بوو وەبەرەبەرە زەوی باش و ناوچەی فراوانتەکەوتە دەست ئەو ئاغایەی کەخۆی بەستبوەوە بەدەوڵەتی عوسمانیەوە

[ کە مەدحەت پاشا لەساڵی ١٨٦٩ دا بوو بە والی بەغدا یەکێك لە هەڵە گەورەکانی ئەوەبوو کە هەر کەسێك بیتوانیایە ئەوە بسەلمێنێ کە دەساڵ لەسەر یەك ئەو زەویەی بەرهەمی هێناوە بەدەستیەوەبووەوالەسەری ئەنوسرا ](١)

بەو پێیە خاوەن دەسەڵات بەزۆر یابەکرین و خۆشی بوایە

---

[١] د.شاکر خصباك / الاکراد / طبعة بغداد ١٩٧٢ / ل٢٥١

جوتیاری ناچار ئەکرد کەدەست بەرداری زەوی خۆی ببێت بۆی بۆیە زۆر لەسەرۆك عەشیرەت و ئاغاكان بوون بە خاوەنی زەوی عەشیرەتەكانیان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا هەمان رژێمی موڵكایەتیو خاوەن زەوی بەو ئاژاوەو شلۆقیە مایەوە كە ئیمپریالیزمی بەریتانیا دەستی بەسەر عیراقدا گرتو كوردستانی خوارو خرایە سەر دەوڵەتی عیراق كەوتە بەهێز كردنی لایەنی عەشایەریو جێگیر كردنی دەرەبەگو خاوەن موڵكی گەورە بە نیازی چەسپاندنی حوكمێكی دەرەبەگی بەستراوەبەسیاسەتەكەیەوە لە كوردستانیشدا ئاغا بەهێزەكانو بازرگانە خاوەن دەسەڵاتەكانی ناو شارەكانی مسوگەر كردو زەوی باشی پێ ئەبەخشین .

لەبەر ئەوانە رێبازی گەشە كردنی كۆمەڵایەتیو جۆری بەرەنگار بوونی چینی دەرەبەگو رژێمی دەرەبەگایەتی رێبازێكی تایبەتی هەبوو لە كوردستاندا كەئەنجامەكەشی ئەوەبوو ئەو گواستنەوەوگورانە لەدەرەبەگیەوە بۆ سەرمایەداریبەوجۆرە كۆمەڵی كوردستان رێبازو رژێمی كۆمەڵایەتی جیاوازی تیا دابمەزرێنرێ بەتایبەتی ئەگەر ئەو راستیەشمان لەبەرچاوو بێت كەگەلی كورد نەیتوانیوە دەوڵەتی یەكگرتوی خۆی دابمەزرێنێ . بۆیە كۆمەڵی كوردستان لە باتی ئەو گۆرانە گۆرانێكی تری بەخۆیەوە دیو كەوتە بارو قۆناغێكی

ترەوە کە لەنیوان هەردوو ئەوقۆناغەدابێت وسروشتەکانی هەردوو قۆناغی هەبێت ئەوەش بەقۆناغ ورژێمی نیمچە دەرەبەگی ئەناسرێت .

رژێمی نیمچە دەرەبەگی قۆناغێکی نوێی کۆمەڵایەتی و گەشە کردنێکی تازەی کۆمەڵی کوردستانە کەچەند سروشتێکی تایبەتی و جیاوازی هەیە لەگەڵ هەردو قۆناغی دەرەبەگي سەرمایەداری دا چونکە هەر چەندە لە ئەنجامي گوررانە کۆمەڵایەتی یەکانی کوردستان رژێمی دەرەبەگی وەکو رژێمێکی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی نەبەتەواوی روخا وەنەوەکو خۆشی مایەوە ، لـــە روی دەسەڵاتی سیاسیەوە . . میر نشینەکان روخێنران و ئەونیمچە سەربەخۆییەی هەندێ لەناوچەکانی کوردستان هەیان بوو زەوت کرایەوەو راستەوخۆ لەلایەن پایتەختی دەوڵەتی داگیر کەرەوە حوکم ئەکرا ، وەهێزێکی خاوەن دەسەڵاتی ئەوتۆش لە ئارادا نەبوو کەبەرەنگاری چینی دەرەبەگ و رژێمەکەی بکات .لەبەر ئەوانە هەمووی وەبەهۆی ئەو جۆرە گۆڕان و گەشە کردنانەی ترەوە ، رژێمی دەرەبەگایەتی لاواز ئەبوو بەتایبەتی لە دەست پێ کردنی سەردەمی جوڵانەوەی نیشتمانی وشۆرشە نەتەوایەتی یەکانەوە ئیتر کۆمەڵی کوردستان لەوقۆناغ و رژێمە جیاوازو تایبەتی یەدا خۆی گرتەوە کەهەندێ شێوەو سروشت و روخساری هەریەکێك لەو دوو قۆناغ و رژێمەی تری بەخۆیەوە گرت و بەگشتیش لـــە

هەردوو کیان جیاواز بوو .. بۆچی .. ؟

چونکە هەر چەندە چینی دەرەبەگ دەسەڵاتی سیاسی بە دەستەوە نەما ، بەڵام ئەم دەسەڵاتە نەکەوتە دەست چینێکی خۆماڵی ، بەڵکو کەوتەدەست چینی کاربەدەستی نەتەوەی گەورەی داگیر کەرەوەوسەرەرای ئەمەش کەوتەرێکەوشوێن دانانیش بۆ درێژە دان بەوداگیر کردنەو بۆرێکەگرتن لە گەشە کردنی سروشتی ومێژوویی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان کەبەمەش ئەو چینەی ئەتوانێ بەرەنگاری چینی دەرەبەگو رژێمەکەی بکات وەکو پێویست نەهاتە کایەوەو شوێن و جێگەی خۆی نەگرت لەناکۆکیە کۆمەڵا ـ یەتیەکانداو نەیتوانی دەوری مێژوویی خۆی ببینێ و لەدوایشدا هەربە فەریکی و لاوازی بمێنێتەوە . . لەبەر ئەوە چینی دەرەبەگ لە کوردستاندا بێ دەسەڵاتی سیاسی بەپاریزکاری کردنی هەندێ روو دەسەڵاتەوە مایەوەو توانی پاریزکاری ناوچەو زەوی و شوێن و جێگەی لەزۆر رووەوە بکات ، بەتایبەتی داگیر کەر دەست کرو پاڵپشتی نوکەرەکانی بوو . . کە ئەمەش یارمەتیدەری مانەوەی پەیوەندییە دەرەبەگایەتیەکان بوو . بەڵام ناوەرۆکە سەرمایەدارییە فەریکە کەلەگەڵ لاوازیشداکاری خۆی کرد کلۆر کردنی رژێمی دەرەنەگی، بەبێ ئەوەی وەکو چینێك بتوانێ خۆی بگرێ و بکەوێتە زۆرانبازی توندوتیژەوە بۆهەڵتاکاندنی رژێمە کۆنەکەودامەزراندنی

رژێمی تایبەتی خۆی ، نەك هەر لەبەر ئەو هۆیانەی لەسەرەوە باس کران بەڵکو لەبەر ئەوەش کە : ئابوری کوردستان بەرادەیەك دواکەوتوو بو کە رێگەی ئەوەنەبوو بەپیشەسازی دەست کرد و مانیفاکتورەوە بەرەو پێشەوە بروات وە بەرهەم هێنانی سەرمایەدارانە رێگەی سروشتی خۆی بگرێتو دەوربینێ لە کۆڕانە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکان .

سەرمایەداری بازرگانیش ئەوهێزو تواناو شوێنو جێگەیەی نەبوو کەئابوری سروشتی دەرەبەگی بەتەواوی بروخێنێو سەرکردایـــەتی کۆمەڵ بکاتو رژێمی نوێ دابمەزرێنێو دەوری سەرەکی ببینێ لە بـەرهەم هێنانی سەرمایەدارانە . . بۆیە سەرمایەداری کوردستان زۆر لاواز تربوو لەچینی سەرمایەداری کەلانی دراوسێوە ئەوەندە کزۆڵو بێهێز بوو کەنەك هەرنەیتوانی بەرەنگاری چینە دەسەڵاتدارەکانی دەوڵەتە داگیرکەرەکان بکات بەڵکوتوانای بەربەرەکانی کردنێکی توندوتیژی دەرەبەگەخۆفرۆشەکان ناوخۆشی پێنەنەکرا . جگە لەوە ، کزۆلی ئەم چینەو پـارچە پارچە و داگیر کردنی کوردستان و سەپاندنی چەنـد جور چەوساندنەوەو بایەخ نەدان بەکوردستانو نەکردنەوەی کارگەو کارخانە ، وەهاوپەیمانی دەرەبەگە خۆفرۆشەکانو داگیرکەر . . ئەمانە سەرەرای ئەوەی هۆی سەرەکیو کوسپی گەورەی ریگەی

گورانە کومەڵایەتیەکانو خونـەگرتنی چینی سەرمایەدار بوو ، وەبوە یارمەتی‌دەری مانەوەی پەیوەندی‌یە دەرەبەگایەتی‌یەکان ، بەجورێك کە چەوساندنەوەی جوتیاران لە ئارادا بمێنێو ئاغاو خاوەن موڵکە گەورەکان ، هەر چەندە خاوەنی دەسەڵاتی‌سیاسی نەبوون بەڵام نوێنەرو فەرمان رەوای داگیرکەرو دەسەڵاتي بوون واتە چەند داگیرکەر دەوری هەبووەلەنەهێشتنی رژێمی‌دەرەبەگی - وەکو رژێمێکی تەواو لە هەموو رویەکەوە - ئەوەندەش‌دەوری بینیوە لەبەهێز کردنی دەرەبەگەکانو هێشـتنەوەی پەیوەندی‌یـە دەرەبەگایەتی‌یەکان ، لێرەدا پێویستە سەرنج لە راستیەك بدەین کە ئەنجامی ئەو لایەنەی سەرەوەیە ئـەویش باری کوردستـان بەم جۆرە ئەوەمان بۆساغ ئەکاتەوە کەهەر کەسێك هەرسەردارو خاوەن موڵکێك بەرەنگاری دوژمنی داگیرکەرو چەوسێنەرەوەبو بێت لەم سەردەمەشدا . . واجولانەوەکەی شێوەو سروشتی‌نیشتمانی بووە چونکە دژي داگیرکردنی نیشتمان بووە وەئەو سەرکردەیە نیشتمان پەروەر بووەو بەکارێکی نیشتمانی هەڵسـاوە ، هەر چەندە لایەنی بەرژەوەندی تایبەتیشی تیارەچاو کرابێ !

دەست پێ‌کردنی قۆناغی نیمچە دەرەبـەگی ، هەر چەندە لە ماوەیەکی کەم و کورت‌دا نەبووە ، بەڵام لـەگەڵ ئەوەشدا دیسان دیاری کردنی ساتەکانی بەتەواوی ، ئاسان نی‌یەوناتوانرێ

بریارێکی جێگری تەواوی لەسەر بدرێ ، بەگشتیش ئەتوانین بڵێین لەو کاتانەوە دەست پێ ئەکات کەمیرنشینو تەوارە کوردی یەکان روخێنران‌و راستەوخۆ کوردستان کەوتە ژێر دەستی داگیرکەرانەوە . لەم رووەوە باسیل نیکتین ئەڵێ :

[ سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دەستی پێ نەکرد بوو کە دەرەبەگایەتی گەیشتە ئەنجامە حەتمیەکەی لەکوردستاندا(۱)]

بۆ ئەوەی قۆناغی نیمچە دەرەبەگی روون بکەینەوەوجیاوازی نیوان ئەم قۆناغەو هەردوو قۆناغی دەرەبەگی و سەرمایەداری دەربخەین ، پێویستە لایەنەکانی ئابوری‌و سیاسی‌و گۆرران و کەشەکردنە کۆمەڵایەتیەکانی ئەم قۆناغە ئاشکرا بکرێ و سروشتە سەرەکیەکانی دەست نیشان بکەین :

## لە ڕوی ئابوری‌یەوە :

بنچینەی ئابوری‌و سروشتی‌و خۆبەرێوە بردن لەگەڵ نەهێشتنی دەسەلاتی سیاسی‌دا تارادەیەکی زۆر نەما ، بازرگانیو بازرگانیتی گەشەی کرد ، سەرمایەداری سووسەلەم بووەباو ، هەندێ لە ناوچەکانی کوردستان بووە سەرە رێگای کاروانی بازرگانی ، کەل و پەلی خۆماڵی دروست کراوی ئەنیررا بۆ دەرەوە وە کەل‌وپەلی تری پێویست ، وەکو چەك‌و قوماش و ئاوریشم و

---

[۱] باسیل نیکتین / سەرچاوەی ناوبراو / لاپەرە ۱۲۷

شەکرو هەندێ پێویستی تر لە دەرەوە ئەهێنران بو کوردستان .
بەڵام [ ئەتوانرێ تەخمین بکرێ کە کەڵو پەل ناردنە دەرەوە زۆرتر بۆە لە هێنانی کە ئەمەش بووە هۆی ئـــەوەی سەرمایە لای کوردە شارنشینەکان کۆببێتەوە ](١)

وە باسیل نیکتین ئەم راستیە بەژمارە ئەسەلمێنێ کەلەسەدەی نوزدەهەمدا قوستەنتەنیە زیاتر لە ملیۆن‌و نیویك مەرو بزنی لە کوردستان ئەکرێ‌و زیاتر لەم ژمارەیەش ئـەنێررایە دەرەوە ، وەبای زیاتر لە ( ٣٥٠٠٠ ) لیرەی ئیســـتەرلینی مازو خوری ئەناردە دەرەوە . وەکوردستانی تورکیا بای زیاتر لە(٧٠٠٠٠٠) لیرەی ئیستەرلینی کەڵو پـەلی ئـەناردە دەرەوە وە خەڵکی کوردستان بەنەهێنی‌و دوور لەزانینی دەولەت ئاسن‌وقورقوشمیان دەرئەهێناو پێویستیەکانیان لێ‌دروست ئەکرد (٢)

هەر لەم بارەیەوە دکتور عبدالرحمن قاسملو ئەڵێ :
[ لەساڵی ١٨٦٣دا کوردستان بایی ٤٥٥ هەزار روبل‌خوری وە درەخت بۆ پیشەسازی وە بەرهەمی دارستان بایی پێنج ملیون روبڵ ئەناردە دەرەوە ، وە ســاڵی سێ ملیۆن مەرو بزنی ناردوە بۆ ئەستەمبوڵ‌و حەڵەب‌و بەغدادو تفلیس . وە

---

[١] باسیل نیکتین / سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٤٤
[٢] باسیل نیکتین / سەرچاوەی ناوبراو ، ل ٤٤ و ٤٥

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا هەر ساڵە بیست ملیۆن هیلکە نێرراوە بۆ بەندەری حمصون لەسەر دەریای رەش ](١)

وە پیشەسازی دەست کرد لەشارەکاندا بەرەو زۆر بوون ئەچو بۆ نموونە مارك سایکس کەلە ساڵی ١٩٠٢ دا لە سلیمانی بوە باسی ١٥٠ تفەنگ دروست کەری باش ئەکاتو ئەڵی ئـەم تفەنگانە چاو لێ کەریەکی باشو تفەنگی بەناوبانگی ( مارتینی پیبودی ) بووە .. هەرچەندە لەگەڵ داگیر کردنی کوردستانو هاتنی ئیمپریالیزمدا ئەو پیشە سازی یە دەست کردانە بـــەرەو کزیو نەمان ئەچوون .

لەگەڵ ئەمانەشداژمارەیەك لەخاوەن زەویەکان هاتنەمەیدانی پارەپەیدا کردنو قازانجەوە لە رێگەیەکی سـەرمایەدارانەوە . بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا دەسەڵاتی ئابوری چینی دەرەبەگ هەر بەهێز بوو .. لێرەدا ئەوەمان بۆ روون ئەبێتەوە کەئابوری دوو چین لە ئارادا بووە بۆیە جوتیاران سەرەرای چەوساندنەوەی دەرەبەگ چەوساندنەوەی سوو سەلەم خۆرەکانیش پەرەی سەند جگە لەوەی کەکوردستان بووە سەرەرێگای کاروانی بـازرگانی ژمارەیەك لە خاوەن زەوی،وە سەرەك هۆزەکان دەستیان کرد بە بازرگانی ژمارەیەکی تریشیانلە بەرێوەبردنی بەشێك لە زەویو

[١] د . عبدالرحمن قاسملو / سەرچاوەی ناوبراو ل ١٤٨و١٤٩

زارەکانیان شێوەیەکی سەرمایەدارانەیان بەکار ئەهێنا .

پارەو پول بڵاو بوەوەو لەرێگەی سووسەلەمەوە قازانجی لێ ئەکرا ، مانیفاکتور و دروست کردنی سابوونو قالی و بەڕەو جاجمو جلو بەرگو پێڵاوو پێستە خۆش کردنو ئاسنگەریو مسگەریو . . هتد بەشێوەیەکی پێنراوو زۆر ئەبوون .

جا هەر چەندە ئەوانە زروفی لەبارو دەرونی لاواز کردنی چینی دەرەبەگو لە یەك ترازاندنی پەیوەندییە یەکگرتوەکانی رژێمی دەرەبەگی هێنایە کایەوە ، وەلە دوایشدا بزوتنەوەی نەتەوایەتی سەری لەقاوغەکەی دەرهێنا ، بەڵام لەگەڵ ئەوانەشدا وەلەبەر ئەو هۆیانەی لەسەرەوە باس کران ، روخاندنی رژێمە کۆنەکە بەتەواوی وەهێنانەکایەی رژێمی تازە رێگەی ئاسایی و سروشتی خۆی نەگرت . وە روی ئابوری ئەم سەردەمە جۆرێکی تێکەڵ لە ئابوری هەردوو سەردەمەکەی پێشو پاشی بوو .

لە روی خاوەن مولکیەوە جۆری دەست بەسەرا گرتنی زەویو زارەوە دکتور شاکر خصباك لە کتێبەکەیدا الاکراد [١] باسی پارێزگای سلێمانی ئەکاتەوە لێرەدا وەکو نمونەیەك ئەیخەینە پێش چاو .

---

[١] د. شاکر خصباك / سەرچاوەی ناوبراو ل ٢٥٨ ، ٢٥٩ ، ٢٦٠ ، ٢٦١ ، ٢٦٢ .

بەپێی سەر ژمارە ( احصاء ) ی کشتوکاڵو مەڕو ماڵات لەساڵی ١٩٥٢ ـ ١٩٥٣ دا بۆ چەشنەکانی خاوەن موڵکەکان لەم لیستەیە کەژمارەی خاوەن موڵکەکان بەپێی مشارە دیاری کراوە

| پارچەی زەوی | ژمارە | پارچەی زەوی | ژمارە |
|---|---|---|---|
| کەمتر لە ٤مشارە | ٢٥٦٧ | لە ١٠٠٠ تا ٢٠٠٠ | ٦ |
| لە ٤ تا ٢٠مشارە کەمتر | ٣٨٩٦ | لە ٢٠٠٠ تا ٣٠٠٠ | ١٥ |
| لە ٢٠ تا ٤٠ « « | ٣٠٩٨ | لە ٣٠٠٠ تا ٤٠٠٠ | ٨ |
| لە ٤٠ تا ٦٠ « | ٢٣١٣ | لە ٤٠٠٠ تا ٥٠٠٠ | صفر |
| لە ٦٠ تا ٨٠ « | ١٠٥١ | لە ٥٠٠٠ تا ١٠٠٠٠ | ٦ |
| لە ١٠٠ تا ٢٠٠ « | ١٠٤٤ | لە ١٠٠٠٠ تا ٢٠٠٠٠ | صفر |
| لە ٢٠٠ تا ٤٠٠ « | ٢٣٥٠ | لە ٢٠٠٠٠ زیاتر | ١ |
| لە ٤٠٠ تا ٦٠٠ « | ٦٢٤ | | |
| لە ٨٠٠ تا ١٠٠٠ « | ٣٢ | | |
| کۆی | ١٧٦٢٨ | | |

بەو پێیە نیسبەتی موڵکداریتی بەم جۆرە دائەنێ :

٧ر٢٤٪ زەوی شیاو بۆ کشتوکاڵ بۆ زوربەی جوتیاران بوە

٣ر٤٨٪ زەوی شیاو بۆ کشتوکاڵ هی ٣٥ خاوەن موڵك بوە

٩ر٥٪ زەوی شیاو بۆ کشتوکاڵ هی یەك کەس بوە

بەم جورە ٥٤٪ زەوی کشتوکاڵ هی ٣٦ موڵکدارە

## لە ڕوی سیاسیەوە :

هەر چەندە میرنشینو قەوارە کوردییەکان ڕوخێنرانو حوکمی ڕاستەوخۆی داگیرکەر دەستی پێکردو یەکسەر کوردستان بەسترایەوە بەرژێمو یاساو دەسەڵاتی چینی فەرمانڕەوای نەتەوەی کاربەدەست . . بەڵام دەرەبەگو ئاغاو خاوەن زەوییەگەورەکان و سەرەك هۆزە گەورەکان بەتایبەتی ئەوانەی دەست کەوتو بەرژەوەیان بەسترا بوەوەبەپایتەختی دەوڵەتی داگیرکەرەوە وەکو چینێك پارێزکاری دەسەڵاتو ناوچەی زەوی خۆی ئەکرد ، چونکە ئامانجی سەرەکی داگیرکەر حوکم کردنی ڕاستەوخۆی کوردستانو سیاسەتێکی ناوەندییانەی توند بوو . لەبەر ئەوە داگیرکەر ویستویەتی ئەوەندە ڕژێمی دەرەبەگی لە کوردستاندا بێ هێز بکات کەتواناو دەسەڵاتی سیاسی نەهێڵێو کوردستان بخاتە ژێر ڕیکێفی خۆیەوەو ڕاستەوخۆ ببەستێتەوە بەفەرمانو یاساو ڕژێمی پایتەختەوە ، ئیتر کەئەمەی بەدی هێنا بوبە پاڵپشتو یارمەتیدەری چینی دەرەبەگ بەگشتی ، بە تایبەتی دوای ئەوەی خۆفرۆشو نیشتمان فرۆشەکانی مسۆگەر کردوەبون بەپایەگای بەهێزکردنی دەسەڵاتی داگیرکەرانەو درێژەدان بە چەوساندنەوە ، کەلیرەشدا هەر دەنگێك لە کوردستاندا بەرز بوبێتەوەو داوای مافی گەلی کورد بکرایە . . پایتەختی ئەسلە ـ

مانەوەو بەزۆری هێزو چەك کپ کراوەتەوە ، ئالێرەدا دەری نیشتمانی سەرەك هۆزو سەردارانی کورد دەرئەکەوێ وەهەرلەبەر ئەوە راپەرینو جوڵانەوەکان سروشتی نیشتمانی بووە چونکە دوژمنی داگیرکەر وەستاوە بە مەبەستی پاراستنی نیشتمان و دەسەڵاتی ناوخۆ .

رویەکی تری سروشتەکانی ئەم قۆناغە : هاتنەکایەی سەرمایەداری دەوڵەتی داگیرکەرو بڵاوبونەوەی کەلوپەلو بەرهەمی پیشەسازی کارگەکانی دەوڵەتە ئیمپریالیستەکانە ، کەلەگەڵ زۆر بوونو بڵاوبونەوەی داوردە پیشەسازی دەست کردو پیشەگەری یە بچکۆلەکان بەرەو لاوازیو بێتوانایی ئەچوون ، بەتایبەتی نەهێشتنی سنورە دەرەبەگیەکان هۆیەکی گەورە کردنو فراوان کردنی بازارو نەهێشتنی باجی دەرەبەگی لەسەر کاروانو کەلو پەل بوو ، کە ئەمەش یارمەتیدەرێکی زیاتر بوژاندنەوەی بازرگانیتی بووجگە لەوەی کەناوچە سەرەرێگاکان بوونە رێگری کاروانیبازرگانیو کەشە کردنی بازار لەو شوێنانەداو بووشە هۆی کەشە کردنی کاسبیو مامەڵەو هاتوچۆ بۆ بازارەکانی وڵاتاني تر .

لەم قۆناغەدا وەلەگەڵ سەردەرهێنانی سەرمایەدارە کزۆڵ و لاوازەکە ، کەچینێکی بێهێزی کۆمەڵایەتی بوو ، چینێکی تری لاوازو بێهێز تر زۆر بەوردیو سەرەتای دروست بووني دەست

پێ کرد ، ئەویش چینی کارگەران بوو ، چونکە جگە لە کارگەری لادێکانو ئیش کەری شارەکانو شاگردو کرێکاری وردە پیشەسازی یە دەست کردەکان . . جوتیارانیش پاش رزگار بوونیان لە بەندیو کویلەیەتی بەستراو بەزەوی دەرەبەگەوە یا لەبەر زۆرو ستەمو بۆ پەیدا کردنی نانی رۆژانە دێهاتەکانیان بەجێ ئەهێشتو رویان ئەکردە شارەکان ، بە تایبەتی لەو کاتانەوە کەکارگەو کارخانە لە شارەکاندا ئەکرانەوەو پرۆژەی ئاوەدانیو خانوو دروست کردنو رێگەویان کردنەوە دەستی پێ کرد ، ئیتر بەرە بەرە لەگەڵ گەشە کردنی لایەنی ئابوری ئەم چینە گەشەی ئەکرد ، بەڵام گەشە کردنەکە بەهەمان رێگەو شێوەکەی سەرمایەداری بووە لەبەر ئەو هۆیانەی کەلە شوێنی خۆیدا باس کرانەوە کەبوونە کۆسپی رێگەی گەشە کردنی چینی سەرمایەداری .

دەست پێ کردنی حوکمی راستەوخۆی ئیمپریالیزم یابەهۆی داموو دەستگاکانیەوە یابەهۆی چینی دەسەڵاتداری نوکەریەوە . زۆرو ستەمی فەرمان رەواکان ، چەوساندنەوەی خەڵکی کورد لەلایەن چینی دەرەبەگی ناوخۆوە ، ئازار دانو چەوساندنەوەی نەتەوایەتیو زەوت کردنی هەموو مافێکی نەتەوایەتی ، پەیدا بوونی خوێندەواریو رۆشنبیرو خوێندەواران وەگەڵی هۆی تر ،

پارمەتیدەر بون بۆ پەیدا بوونی هەستی نەتەوایەتی و گیانی نیشتمان پەروەری و لە دواییشدا دەست پێ کردنی بزوتنەوەی کوردایەتی و گەشە کردنی . بەڵام لەسەرەتادا لەبەر ئەوەی ئەو هەست و گیانە پێ بەپێی خاوەنەکانی کزولاواز بوو ، ئــەو بزوتنەوەیـــەش زۆر بەهێمنی بەرەو پێشەوە ئەچوو ، بەتایبەتی داگیرکەران کۆسپی هەرە گەورەی رێگەی گەشە کردنی بوون و هەمیشـــە ویستویانە گەلی کورد بەدواکەوتویی و نەخوێندەواری و هەژاری بمێنێتەوە ، بۆ ئەوەی توانای هەڵسان و ڕاپەرینی نەبێت و نەگاتە ئەو رادەیەی کەبەرەنگاری دەسەڵاتی داگیرکەرانەی بکات .
بۆیە وەکو ئەنجامێکی ئەو بارە ناهەموارە نەتوانرا کەرەسـەی پێویست و رێگەی بەجێی دامەزراندنی قەوارەیەکی نەتەوایەتی یەککرتوو دەست نیشان بکرێتەوە خەڵکی کوردستانیش بەدوا کەوتویی بمێنیتەوەو گەشە کردنی کۆمەڵایەتی رێگە سروشتیەکەی خۆی نـەکرێت ، وە رێگەیەکی جیاوازو سروشـتێکی تایبەتی خۆی هەبێت . کەوابوو .

× پارچە کردن و داگیر کردنی کوردستان و سەپاندنی حوکمی راستەوخۆی ئیمپریالیزم و دەوڵەتی داگیرکەرو ســیاسەتی ناوەندی کردنی فەرمان رەوایی .

× مانەوەی پەیوەندییە دەرەبەگایەتییەکان و درێژەدان بـــە

چەوساندنەوەی جوتیاران و بێبەش کردنیان لەمافەکانیان .

× سستی گەشە کردنی کۆمەلی کوردستان و کزول و لاوازی چینی سەرمایەدار و بێهێزی کارگەران و نەچەسپینی یان وەکو چینێکی خاوەن هێز و کارتێکەری رووداوەکان .

× چەوساندنەوەو ئازاردانی نەتەوایەتی و چینایەتی خەلکی کوردستان بەتایبەتی لایەنی نەتەوایەتی کە پێش بینی ئەوەی لێ ئەکرا ببێتە ئەو هێزە بەتوانایەی بەرامبەر دەسەلاتی داگیر کەرو کۆسپی رێگەی رزگار بوون بوەستێ و هەرەشە لـە دەسەلات و دەسـت کەوتـە ئابوریـەکان و ئەمانی بازاری ئیمپریالیزم و داگیر کەر بکات .

× هاوپەیمانی دەرەبەگی خۆفرۆشی ناوخۆ لەگەل چینی کاربە دەستی دەولەتی نەتەوەی گەورە بەپشت و پەنای ئیمپریالیزم بۆ درێژەدان بە داگیر کردن و چەوساندنەوەی خەلکی کوردستان .

× سەپاندنی حوکمێکی ناوەرۆك ئیمپریالیستی

× هاتنەکایەی ئیمپریالیزم و هاوپەیمانێتی لەگەل چینی کار بە دەست و دەرەبەگی نیشتمان فرۆش بۆ هێشتنەوە کوردستان وەکو بـازارێکی بۆ کارگەکانی . ئەمانـە هەموی پناغەکانی ئەم قۆناغەو روخساری کۆمەلی کوردستان و رادەی

بزوتنەوەی کوردایەتی پێك ئەهێنێ و سروشتی رژێمە ئابوری و کۆمەلایەتیەکە دیاری ئەکات .

لەگەڵ رژێمی دەرەبەگیدا و رژێمی عەشایەری لە کایەدابووە عەشرەتە کۆچەرەکان . بەلام لە قۆناغی نیمچە دەرەبەگی دا رژێمە کۆمەلایەتیەکە تێکەڵ و روخسارێکی شێواوی هەبوو لە لە کوردستاندا کە بۆبە بەشێك لە رژێمی قۆناغەکە ، بەتایبەتی ژمارەی عەشـیرەت و تـیرەکان زۆر بوون و . . . دەورێکی ئاشکرا و کارتێکەرییان هەبوو هەریەکە لە ناوچەکەی دا بەلام لەگەڵ پێش کەوتن و گەشە کردنەکاندا کۆچەرەکان وردەوردە نیشتەجێ ئەبون وە لەبەر ئەوەی سەرچاوەیەکی وانی یە کە بتوانرێ سەر نجێکی عەشیرەت و خێڵ و هۆز و تیرەکان لەسەرانسەری کوردستاندا بدرێ و بەپێی شوێن و جێگەو ژمارەو دەوریان بخرێنە پێش چاو و بۆیە لێرەدا پارێزگاری سلیمانی ئەهێنمەوە بەنمونە وەکو د . شاکر خصباك باسی کردوە .

مارك سایکس لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا جەدوەلێکی کردوە بۆ عەشیرەتە کۆچەرو نیشتەجێکان لە (لوای) سلێمانیدا کە بە گشتی ژمارەی عەشیرەت و خێزانەکان بەم جۆرە دائەنێ :

بەگشتی نیشتەجێکان ١٢ عەشیرەت کەبـە گشتی ژمارەی خێزانەکان ١١٥٤٥ خێزانە .

بەگشتی کۆچەرەکان ۲۳ عەشیرەت وە ژمارەی خێزانەکان بە گشتی ۱۳۰۰۰ خێزان .

وە ئەو راپۆرە ئیداریەی لەساڵی ۱۹۱۹ دا دەربارەی ناوچەی سلەیمانی دەرچووە بۆ ژمارەی کۆچەریەکان بە ٤۰۰۰۰ کەسی ئەداتە قەڵەم . . . ، وە لە ساڵی ۱۹۳۰ دا دوسون کۆچەریەکان بە نزیکەی ۱۵۰۰۰ کەس داناوە [۱]

ئەم لایەنەش بوونی هەندێك عەشیرەتی کۆچەر ، مانەوەی رژێم و کیانی عەشیرەتگەری بە شێوەیەکی توندو بەهێز مل کەچی بۆ یاساو فەرمانی عەشایەری ، لایەکی تری سروشتی ئەم قۆناغەیە

بۆیە وە بەرامبەر ئەو هەرەشـــانە و بۆ بەرەنگار بوونی ئەو بارە نائاسایی یە ، جولانـــەوەو راپـــەرین دەســـتی پێ کردوە کەلە هەندێ کاتدا ئامانجی سەرەکي رزگار بوون بووە . جا هەرچەندە لە سەرەتادا بەلاوازیو بەوردە راپەرینو جولانەوەی چەکداری ناوچەیەکی تەسك دەستی پێ کردوە ، بەلام بەرە بەرە لەگەڵ گەشە کردنی کۆمەڵی کوردستان وەشان

---

[۱] د . شاکر خصباك/ سەرچاوەی ناوبراو/ل ۱۷۲و۱۷۳و۱۷٤و۱۷۵

**تێبینی** : ژمارەی عەشیرەتو خێزانەکان بەتەواوی دیاری نەکراوە لە کتێبەکەدا چونکە هەندێکیان کە دەست نیشان کردوە بەتێکەڵ ژمارەکەی داناوە .

بەشانی لاواز بوونی چینی دەرەبەگ و پەیوەندی یە دەرەبەگایەتیەکان
بزوتنەوەی نەتەوایەتی و رزگاری خوازی گەلی کوردگەشەی
کردووەو بەرەو فراوانی و بۆ پێشەوە چوون تەکانی پێ دراوە ،
واتە لەگەڵ دەست پێ کردنی ئەم قۆناغە نوێیەدا خەباتێکی
نوێ لە کوردستاندا دەستی پێ کردوە کە ئامانجە نەتەوایەتی یەکان رون و
ئاشکراتر ئەبون لە گەڵ گەشە کردنیدا ، کە خەبات و ئەرك و ناخۆشیەکانی
بزوتنەوەی کوردایەتی جەماوەرێکی نوێی تێکەڵ لە هەموو چین و
بەشە نیشتمانیەکان کرتیانـــە ئەستۆ .. وەتا زوڵم و زۆرداری
زیاتر ئەبوو خەباتی نەتەوەی کورد بەرین و توندو تیژتر ئەبوو
بەجۆرێك کەلەسەدەی نوزدەهەمەوە هەندێ میرو ئاغاو خاوەن
زەوی گەورە هەستی نەتەوایەتی و نیشـتمان پەروەری پاڵی پێوە
ئەنان کە بچنە ریزی بزوتنەوەی کوردایەتی یەوە ئاڵای دەرکردنی
داگیرکەر بەرز بکەنەوەو هەندێ جاریش رزگاری کوردستـان
بکەنە ئامانجی سـەرەکیان .. بەڵام جگەلە زۆروچەوساندنەوەی
داگیرکەر کۆسپی گەورەی رێگەی ئەو جۆرە جوڵانەوانە دەرەبەگە
خۆفرۆشەکانی ناوخۆ بوون .. لەم رووەوە ئارشاك سافرستیان ئەڵێ
[ گەلێك کوردی خائین هەبوون کەبۆ پاشایەتیەك ئامادە بوو
هەموو کوردستان بفرۆشێت . گەلی لەمانە یارمەتی لەشکری
تورکەکانیان ئەداو هێرشیان کردە سـەر بەدرخانیەکان وە

پاش کوشتارێکی زۆر لە دوژمن بۆ شاخەکانی کوردستان ( شاخی جودی ) ئەگیرێنەوە کە بەدرخان ئەئەکشـــایەوە ئەگەر محمود خانی خانی وە رشید پاشا بەسەرکردەی بیست هەزار عەسکەری کوردو ئـەرمەنیو ئاسوری لـەگەڵ تۆپو چەکی حافظ پاشای تورك نەبوایە کە هەموو لە ژوورەوە هێرشیان کردە سەر وە خەریك بوون رێکان لێبکرن بـە روخاندنی پردی سەر ئاوی بۆتان ](١)

بۆیە داگیرکەر هەمیشە دەستگرو بەهێزکەری چینیدەرەبەگ بووە لە کوردستاندا وەتا توانیبێتی لـەو شوێنانەشـدا کە لاواز بوبێ زیندوی کردۆتەوەو چی پێویست بێت بۆی کردوە ، هەر لەو کاتەوە کە میرنشینە کوردیـەکان روخێنران . وە بۆ بەهێز کردنی چینی دەرەبەگو کردنی بەچەکی دەستی ، فەرمان ڕەواکانی دەوڵەتی داگیرکەر زەوی کوردستانیان پارچە پارچە ئەکردو بەئارەزوی خۆیان دابەشیان ئەکرد بەسەر بەگو ئاغاو خانو پیاوە ئایینیەکاندا .

سروشتی بزوتنەوەی کوردایەتی لە سەرەتادا نیشتمانی بوو زیاتر لەوەی کۆمەڵایەتیو دیموکراتی بێت ، بۆ رزگار بوونو

---

[١] ئارشاك سافرستیان / مێژوی کوردو کوردستان / چـاپی سلیمانی ١٩٦١ /گۆرەری بۆ کوردی عبدالله شالی/ ل ٣٤

سەرفرازی بو،زیاتر لەوەی بۆ گۆڕرانو کەشە کردنی کۆمەڵایەتی و مافە دیموکراتیەکان بێت ، کەئەمەش ئەنجامێکی سروشتی داگیرکردنو ئەو چەند جۆرە چەوساندنەوەیە بو کە دووچاری گەلی کورد بوو ، وە هەر لەبەر ئەم راستیەو لە ئەنجامی ئەو بارەیەوە بوو کە بزوتنەوەو راپەرینەکانی سەدەی نۆزدەهەم سەردارو سەرەك هۆزو خێلەکانو پیاوە ئاینی یە نیشتمانپەروەرەکان پێی هەڵئەستانو بەشو کەرتە نیشتمانیەکان هاوبەشیان تیا ئەکرد .. چونکە ئەو شوێنو هێزو توانایەی کە بتوانێ دەست بەو جۆرە راپەرینانە بکات هەر لە دەستی ئەو جۆرە پیاوو سەردارانەدا بووە ، بەڵام ئەم راستیە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو جوڵانەوەو راپەرینانە لەو کاتانەدا یەکسەر دژی چینێك بوبێت وەکو زۆر لە نوسەرەکان باسی ئەکەنو بەتایبەتی فیلتشفسکی دەری‌خستوەو ئەڵێ :

[ شۆرشەکانی کورد لەسەدەی نۆزدەهەمدا دژی‌دەرەبەگایەتی بووە .. (١)

## ئەمە بۆچی ... ؟

چونکە: لەبەر ئەوەی کەداگیرکەر خۆفرۆشەکانی چینی دەرەبەگی کوردی‌کردبو بەکوتەکی دەستیو وەکوداشی‌دامەبەئارەزوی‌خۆی

---

[١] باسیل نیکتین / سەرچاوەی پێشو / ل ١٢٧

یاری پێ نەکردن، وە لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی ئابوری هەردو لەیەك بەرەدا کۆکردبوەوە . بۆیە دەرەبەگە خۆفرۆشەکان هەمیشە سەر بەدەولەتی داگیرکەر بوونو ئەمانیش بە ئارەزوی خۆیـان زەویو زاریان پێ ئەبەخشین . کە سەرکردەو سەردارێکی خاوەن ویژدانو کورد پەروەر دژی دەسەلاتی داگیرکەر وەسـتابێو جولانەوەیەکی دژ کردبێ ، ئەو دەرەبەگە نیشتمان فرۆشانە لە بەرەی داگیرکەراندا بوونو دژی بزوتنەوەی کوردایەتی وەستاون لەبەر ئەوە ئەو جولانەوەیە چۆن بەرامبەر داگیرکەر وەستاوە بە ناچاری دژی ئەو دەرەبەگانەی لەریزی دوژمندا بوون وەستاوە بەلام ئەم دژایەتی یە لەروی ئابوری کۆمەلایەتی و بیرو کردارەوە نەبوەوە دژی چینێکی دیاری کراوی ناوخۆ نەبووە ، وە مانای ئەوەش نەبووە کە لەو سەردەمەدا ئەو سەرکردەیەو ئەو جولانەوەیە لە چینێکی دیاری کراوەوەدژ بەچینێکی دیاری کراوی تر بووە، واتە جولانەوەیەکي چینایەتی نەبووەو بکرە دروشـمو داوای چینایەتیشی تیانەبووەو ئامانجی گورانێکی بنەرەتی کۆمەلایەتی نەبووە ، سەرەرای ئەوە وەکو لەمەو بەرخرا چینی سەرمایەداری کورد لەو سەردەمانەدا ئەوەندە کزۆلو لاواز بووە کە نـەي توانیوە بەو دەورە هەلبستێتو بزوتنەوەیەکی چەکدارانە بکات بۆ هەلتەکاندنی چینی دەرەبەگ . جا ئەگەر لەو کاتانەدا سەر

کردەیەك لە ڕوی ئابوری یەوە جۆرە گۆڕانێکی ئابوری لـــە ژیانیدا ڕوی دابێت ، ئەو واناگەیەنێت کە وەکو سەرکردەیەکی سەرمایەداری سەرکردایەتی چینی سەرمایەداری کردوەو دژی چینی دەرەبەگ وەستاوە ، یائەو سەردارە کەگیانی نیشتمان پەروەری و خۆشەویستی کوردستان و ڕق و کینەی داگیرکەر پاڵی پێوەنابێ بەشۆڕشێك هەستی و دژی داگیرکەر وەستابێ و ئامانجی ڕزگاری کوردستان بوبێت . . ئیتر ئەو بزوتنەوەیە چینی جیاوازی ناکۆك بەدەرەبەگ کردویەتی . . بەتایبەتی ئەگەر لەو ڕاستی یە گەیشتین کە ئەگەر جوڵانەوەیەك لەلایەن چینێکی کۆمەڵایەتی یەوە لەکۆمەڵێکی پێ گەیشتودا ، کراوە وەکو چینێك سەرکردایەتی ، کرد ئەبێت دژی چینێکی کۆمەڵایەتی تر بێت بۆ ئەوە بێت کە دام و دەستگاکەی تێك بدات وە دەسەڵاتی سیاســـی و ئابوری بگرێتە دەست خۆی . لەگەڵ ئەوانەشدا بزوتنەوەو جوڵانەوەکانی کوردستان لەبەر سروشتی نیشتمانی و لەبەر ئەوەی دژی داگیرکەری نیشتمان کراوە بۆیە ناکۆکی و زۆرانبازی چینایـــەتی ناوخۆی تیانەبووەو لەو دەمانەشـــدا ئەو ناکۆکیانە بەجۆرێك نەبون کە بتەقنەوە یاهەردەربکەون بەڕوونی ، بزوتنەوەی کوردایەتی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە بەرە بەرە ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی و دیموکراتیانە گەشەی تیاکردووە بۆیە لەئامانج و داوا کۆمەڵایە

تیەکان دا کرنگەکانیان بەپێی پێشکەوتنی بزوتنەوەی کوردایەتی ، ئەکران بە دروشم و داخوازی . هەر چەند لەم کاتانەشدا دروشمی نەتەوایەتیو ئامانجە نەتەوایەتیەکان داوای هەرەسەرەکی خەڵکی بوونوە یەکە هۆی شۆڕشو راپەرینەکان بوون . بەڵام ئەم ڕێبازە نوێیە ـ تێکەڵاو کردنی ئامانجە نەتەوایەتیو دیموکراتیو کۆمەڵایەتی یەکان ـ بەرە بەرە گەشەی ئەکرد تالە چلەکانی سەدەی بیستەم بە دواوە روون و ئاشکرا تر ئەبوون .

ئەو بزوتنەوەو شۆڕشانەی کوردستان لە سەدەی نۆزدەهەمدا کەئەڵێین دژی دەرەبەگایەتی نەبووە وەلە هەمان کاتیشدا نیشتمانی بووە ئەمە واناگەیەنێت کە دەست کەوتی جوتیارانی تیانەبووە . بەڵکو بەپێچەوانەوە لە دەست کەوتی هەموو ئەو چینو بەش و خەڵکانە بوو کەدژی داگیر کەر بوونو کەلەژێر باری چەوساندنەوەی داگیر کەردا ئەیان ناڵاندو لە دەست کەوتی هەموو ئەو کەسانە بووە کە نیشتمانەکەیان خۆش ویستوەو زوڵم و زۆری داگیر کەر هەستی جوڵاندون دەرکیان بەوە کردوە کەنیشتمانەکەیان بەدەست خۆیانەوە نییەو خێرو بەرەکەتو سامانی بۆ بێگانەیە . لەگەڵ ئەمەشدا رزگار کردنی کوردستان لەژێر دەستی مانای لەناو بردنی سەرچاوەی زوڵمو زورداریو داگیر

کردن بووە ، جا ئەگەر چەوساندنەوەی ناوخۆشـــی بەسەرەوە بمینی . بەڵام کەم کردنو بار ئاسانیەك بوو بۆ کومەلانی خەلکی سەرەرای ئەوەی کە بەدەست هینانی سەربەخۆیی خۆی لەخۆیدا کارێکی نیشتمانی بووە بـەپێی بارو رووداووهەلویستو قوناغی میژوویی ئەو سەردەمە ، خۆ لەم سـەردەمەشدا رزگاری نیشتمانی لەلایەن هەموو گەلانی تیکۆشەرەوە ئامانجی سەرەکی جولانەوەی نیشتمانیورزگاریخوازانەی ئەو گەلانی ئازادیخوازە بویە بۆ ئەو سەردەمانەش کارێکی گرنگو میژوویی‌و پێش‌هەموو کارێکی تر بووە .

ئەوانە لەلایەك وە لەلایەکی تر ئەتوانین بلێین لە سـەدەی نۆزدەهەمدا تەواوی پەیوەندی‌یە دەرەبەگایەتی‌یەکان و دەسەلاتی چینی دەرەبەگ زۆربەی زۆر بگرە هەموو ناوچەکانی کوردستانی گرتبووەوە . بەتایبەتی ئەگەر سەرنج لەم دوو راستی‌یە بدەین راستو دروستی ئەو وتەیەی سەرەوەمان بۆ دەرئەکەوێت :

[١] ئەگەر سەرنجێك لەباری کوردستانو ناوچەکانی بدەین لە سالەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا وە بەراوردێکی بکەین لەگەل سەدەی نۆزدەهەمداو بارو گوزەرانی جوتیاران کەزوربەی زۆری دانیشتوانیان پێك ئەهێنا ، بیهێنینەبەر چاو مانو هەلیان بسەنگێنین وابزمان دەرئەکەوێت کەئەبێ باری

کوردستان و ژیانی جوتیاران و خەڵکی شارەکانیش لەسەدەی نوزدەهەمدا چۆن بوبێت

[٢] مانەوەی دەسەڵاتی دەرەبەگی و پەیوەندی یە دەرەبەگایەتیەکان تەنیا لەگۆڕانە ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا خۆی نابینێ و نانوێنێ .. بەڵکو مانەوەی ئەو پەیوەندیانە لایەنی هەڵسو کەوت و بیرو کردارو رۆشن بیریش ئەگرێتەوە . بۆ نمونە ئەگەر ئاغایەك لەدێیەکدا زەوی و زاریشی بەدەستەوە نەما ، بەڵام جوتیاران و خەڵکی دێیەکە ئەگەر هەر بەچاوی پێشوو وەبەو ترس و لەرزو مل کەچیەی جارانەوە سەیری ئاغایان کرد ، ئەمە دەری ئەخات کە شێوەیەك لە شێوەکانی پەیوەندی یە دەرەبەگایەتی یەکان ماوە .

ئەمێنینەوە سەر ئەوەی کە ئایا قوناغ و رژێمی نیمچەدەرەبەگی لە کوردستاندا هەر بەردەوامە تائێستاش یادوایی هاتوەو قوناغێکی تری جیاواز دەستی پێ کردوە . کە ئەمەش دوا ئەخەین بۆ ئەو کاتەی دێینە سەر جوڵانەوەو شورشەکانی نەتەوەی کورد لــە سیەکانی سەدەی بیستەمەوە تا ئێستا .

# سەرچاوەکانی ئەم باسە


١ ـ باسیل نیکتین / الاکراد / طبعة بیروت / ١٩٦٧

٢ ـ کلودیوس جیمس ریچ / رحلة ریچ فی العراق عام ١٨٢٠
الطبعة العربیة / بغداد ١٩٥١

٣ ـ ئارشاك ساڤرستیان / مێژووی کوردو کوردستان / چاپی
کوردی / سلیمانی ١٩٦١

٤ ـ د. شاکر خصباك / الاکراد / طبعة بغداد / ١٩٧٢

٥ ـ ن . ا . خەلفین / خەبات لەرێی کوردستاندا / چاپی
کوردی / سلیمانی ١٩٧

٦ ـ لونگریك / اربعـــة قرون من تاریخ العراق الحدیث /
طبعة بغداد ١٩٤١

٧ ـ ڤ.ف.مینورسکی / الاکراد / طبعة بغداد ١٩٦٨

٨ ـ سی.جی.ئەدموندز/ کوردو تورکو عرب/طبعة بغداد١٩٧١

٩ ـ ماجد عبدالرضا / المسالة الکردیة فی العراق الی ١٩٦١
طبعة بغداد ٩٧٠

وێنەو نوسینی بەرگ بەپێنوسەکەی کاك جمال عبدول کراوە

رقم الایداع فی المکتبة الوطنیة ببغداد ٤٠٨ لسنة ٩٧٣

لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان / لقی سلیمانی

چاپخانەی راپەرین / سلیمانی / ت ٢٠٩
٢٠٠٠ — ١٩٧٣/٦/١٥

لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی ماموٚستایانی کوردستان / لقی سلیمانی

رقم الایداع فی المکتبة الوطنیة ببغداد ٤٠٨ لسنة ٩٧٣

نرخی ( [redacted] ) فلسە

چاپخانەی راپەرین / سلیمانی / ت ٢٠٩